# واتای سیمانتیکی لە مانشێتی سەرەکی ڕۆژنامەدا
# ڕۆژنامەی (خەبات و کوردستانی نوێ )بە نمونە

**ID No. 125**

(PP 121 - 146)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.2.9

**تاڵیب حوسێن عەلی**

بەشی کوردی - کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

talib5151/@tyahoo.com

**فوئاد صالح ڕەشید**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر- وەزارەتی پەروەردە

fuadsalhrasheed@gmail.com

**وەگـــــرتن : 2021/11/08**

**پەسندکردن : 2022/01/18**

**بڵاوکردنەوە : 2022/03/28**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بۆ واتای سیمانتیکی مانشێتی سەرەکی لەڕۆژنامەکانی(خەبات و کوردستانی نوێ)تەرخانکراوە،مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی واتای سیمانتیکی مانشێتی سەرەکییە وەکو یەکەیەکی زمانی سەربەخۆ دور لە دەوروبەر.بەو پێیەی کە سروشت و لێکدانەوەی واتای سیمانتیکی لەم بابەتەدا خۆی لە شیکردنەوەی واتای ڕاستەوخۆی بەکارهێنانی زمانی ڕۆژنامەوانیدا دەبینێتەوە،بۆیە سەرەتا بەکورتی تیشک خراوەتە سەر ئەمانە:چەمک و زاراوە و ئەرکی مانشێت،خەسڵەتەکانی زمانی مانشێت،پەیوەندی نێوان واتا و ڕاگەیاندن،واتای سیمانتیکی مانشێت.دواتر باس لە واتای بابەتی وەکو جۆرێک لە واتای سیمانتیکی و چۆنیەتی دابەشبوونی پێکهاتەی زانیاری لە واتای بابەتی و ڕێگاکانی ڕیزبوونی کەرستەکانی زمان کراوە ،ئینجا ئەو میکانزم و شێوازانەی،کە دەبنە هۆی بەدەستهێنانی واتای بابەتی لە زمان و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەیان لە مانشێتدا خراونەتەڕو، لە کۆتایشدا ئەنجامی توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکدا باسکراوە.

**وشە گرنگەکان**: مانشێت،سیمانتیک،واتای بابەتی،تیشکۆ،ڕیزکردنی کەرستەکان.

## پێشەکی

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە،کە تاوەکو ئێستا لە زمانی کوردیدا گرنگی بە توێژینەوە لە لایەنی واتایی مانشێتی سەرەکی نەدراوە،بۆیە دەکرێ ئەم توێژینەوە بەشێک لەم کەلێنە پڕبکاتەوە،کە لەم بوارەدا هەیە.

**میتۆدی توێژینەوەکە**: توێژینەوەکە بەپێی مێتۆدی وەسفی شیکاری لێکدانەوەی بۆ بابەتەکە کردوە.

**کۆمەڵگا و کەرستەی توێژینەوەکە:** کۆمەڵگای توێژینەوەکە هەردوو ڕۆژنامەی (خەبات و کوردستانی نوێ)یە،کەرستەی توێژینەوەکەش بریتییە لە ڕێژەی 25% کۆی ژمارەی مانشێتە سەرەکییەکانی ساڵی( 2019)ی هەردوو ڕۆژنامەکە،ئەم ڕێژەیەش بە پێی شێوازی (ئەگەری هەڕەمەکی ڕێکخراو)وەرگیراوە،بۆیە هەوڵدراوە لە ناوەڕۆکی باسەکەدا میکانزمەکان لەسەر مانشێتەکان پراکتیزە بکرێ،بەڵام لە هەندێ شوێندا بەهۆی نەبوونی نمونە لە نێو مانشێتەکاندا،پەنا براوەتە بەر ڕستەی ئاسایی.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە**: توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

1-بۆچی لە ناو واتای سیمانتیکیدا باسی واتای بابەتی لە مانشێتی سەرەکیدا دەکرێ؟

2- چی وا لە نێرەر(نوسەر) دەکات،کە تیشکۆ بخاتەسەر کەرستەکانی مانشێت،یان گۆڕان لە ڕیزبوونی کەرستەکانیدا بکات؟

3- چۆن و بە چ میکانزمێک واتای بابەتی لە مانشێتدا بەدەست دێت؟

4- چ میکانزم و تەکنیک زیاتر ڕۆڵ دەبینێت لە بەدەستهێنانی واتای بابەتی لە مانشێتی سەرەکی هەردوو ڕۆژنامەکەدا؟

**هێما و کورتکراوەکان:** ت=تیشکۆ ، ڕ.ک=ڕیزکردنی کەرستەکان ، / =یان، [ ]=کەوانەی شکاوەی پێکهاتە، ک.ن=کوردستانی نوێ ، پ=پەیوەندییە واتاییەکان ، ژ =ژمارە

**1-چەمک و زاراوەی مانشێت:**

مانشێت (Manchette)لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی فەڕەنسییە،لە بواری ڕۆژنامەنوسیدا بۆ ئەو ناونیشانە سەرنجڕاکێشە بەکاردێت،کە سەرەتای لاپەڕەیەکی پێدەنەخشێندرێت.(ژوبیان،2009 : 105)لە بەرامبەریدا لەزمانی ئینگلیزیدا زاراوەی(Headline)و(Banner)،لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی(عنوان) بەکاردەهێنرێ،لەزمانی کوردیشدا بۆ هەمان مەبەست ،جگە لەزاراوەی مانشێت چەند زاراوەیەکی تری وەک:(سەردێر، ناونیشان،سەرنووچە)بەکارهاردەهێنرێ.

"ڤان دایك"دەربارەی پێناسەی مانشێت دەڵێت:((مانشێت ڕستەیەکە لەسەروی بابەتە هەواڵیەکان دەنوسرێت و بابەتی سەرەکی هەواڵەکە بەکورتی دەخاتەڕو)). (Van Dijk,1988:53) یاخود ئەو دێرەیە،کە لە پێشەوە دێ و کورتەی هەواڵەکە لە چەند وشەیەک،یان بە ڕستەیەکی سادە ڕادەگەیەنێ.( فەتاح،2013: 9)مانشێت گرنگترین ڕەگەزی چێرۆکە هەواڵە،چونکە ناوەڕۆکی هەواڵەکە بە ڕونی بە خوێنەر دەگەیەنێت،(Dor,2003:718)پەیوەندێکی واتایی و لۆجیکیشی بە بەشەکانی ترەوە هەیە.مانشێت خاڵی بەیەکگەیشتنی نێوان نێرەر و هەواڵ و وەرگرە، هەواڵی مانشێت چەندە زیندوبێت و لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی وەرگر تەبابێت،هێندە کاریگەرتر دەبێت. لەم سەردەمەدا((مانشێت پێداویستی خوێنەری بەپەلە دەستەبەر دەکات))،(جواد،2001 : 246)گرنگترین ئەرکەکانیشی ئەمانەن: ((گوزارشتێکی بابەتیانە لە ڕوداوەکە دەکات،بێ ئەوەی وردەکاریەکەی ڕونبکاتەوە ،وروژاندن و هاندانی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی هەواڵەکە ،یارمەتی وەرگر دەدات بۆ دۆزینەوەی ئەو بابەتەی کە مەبەستییەتی، جیاکردنەوەی بابەتەکان لە یەکتر))،(بلعابد،2008 :81)ئەم ئەرکانەی مانشێت وایان کردوە،کە مانشێت لە چەند ڕوێکەوە لە تێکستە ڕۆژنامەوانییەکانی تر جیاوازبێت.لەڕوی داڕشتنەوە پێویستە:((بەگوێرەی توانا کورت و پوخت بێ، بەڵام لەڕوی واتاوە دەبێ واتاکەی ڕون بێت و گوزارشتێکی ڕاستەقینە لە گرنگترین ڕاستییەکانی نێو هەواڵەکە بکات و زانیاری تازەی تێدابێت)).(Dor,2003:708-716)لەڕوی شێوازیشەوە هەندێجار مانشێت بە شێوازێکی جیاواز لە زمانی ئاسایی دەنوسرێ،ئەمەش وادەکات،کە تێگەیشتن لێی ئاسان نەبێ.(Swan,2005:211)لە ڕوی زمانیشەوە بە بڕوای "هاڵیدای"بەهۆی کەمی ئەو پانتاییەی بۆ مانشێت دیاریکراوە ،خاوەنی زمانێکی تایبەتە،کە بە زمانی دەقبەستو ناسراوە و تێیدا ناو و کرداری کورت لە شوێنی ناو و کرداری درێژ بەکاردەهێنرێت.( Abdulla&Salih,2012: 191-192)زمانی دەقبەستو جۆرێکە لە دەربڕینی زمان،کە لە بروسکە و ناونیشان و ئاگاداریەکان و فەرهەنگ و پۆستەر و مانشێت .....هتد بەکاردێت.(Mardh,1980:12)

جگە لەمانە ئابوریکردن لە زماندا سیمایەکی تری زمانی داڕشتنی مانشێتە،چونکە مەرج نییە مانشێت ڕستەیەکی تەواوبێت،بەڵکو دەکرێ ناوێک یان ڕستەیەکی ناتەواو بێت،بەڵام واتای پێویستی هەبێت.(جواد،2001: 248)کەواتە مانشێت چڕکردنەوەی کرۆکی هەواڵە لە چەند وشەیەك،یان لە فرێزێک،یان لە ڕستەیەکی کورتدا،ئامانجی سەرەکیشی گواستنەوەی زانیارییە بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر.((مانشێت پەیامێکی زمانی مەبەستدارە،ڕۆنانی سەرەوەیە و ڕۆنانی ژێرەوەی گوزارشتە لە دەقی هەواڵ،بەناسنامەی دەق ناسراوە، وەرگر لەڕێگای مانشێتەوە جۆر و پێکهاتە و ناوەڕۆکی دەقەکەی بۆ ڕوندەبێتەوە، مانشێت ڕۆڵی ئاڕاستەکردنی وەرگر دەبینێت،بۆ ئەو شوێنەی کە واتای دەقی هەواڵەکەی تێدا کۆدەبێتەوە،بەمەش مانشێت دەبێتە کلیلی کردنەوەی نهێنی دەق و شیکردنەوەی ڕەمزەکانی)).(الزهراء،2016-2017 :1) بۆیە پێویستە پەیوەندییەکی تەواوی لەگەڵ ناوەڕۆکی هەواڵدا هەبێت،کاتێکیش دەبێتە ناونیشان بۆ هەواڵی سەرەکی لاپەڕەی یەکەم، پێی دەوترێت مانشێتی سەرەکی.(الجميلي و العاني،2012 : 211) "سوان" پێوایە مانشێتی سەرەکی ناونیشانێکی کورتی سەر ڕاپۆرتە هەواڵیەکانە،(Swan,2005:211)یاخود ناونیشانی گرنگترین هەواڵی نێو ڕۆژنامەکەیە،کە لەسەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە بە فۆنتێکی تایبەت و قەبارەیەکی گەورە و ڕەنگێکی جیاواز لە مانشێتەکانی دەوروبەری دەنوسرێ.مانشێتی سەرەکی بەهۆی شوێنەکەی و گرنگییەکەی بۆتە کاریگەرترین و وروژێنەرترین و پڕ خوێنەرترین دەقی نێو ڕۆژنامەکان،بۆیە هێچ ڕۆژنامەیەك ناتوانێ دەستی لێهەڵگرێ،یاخود گرنگی پێنەدات.

**1-1-واتا و ڕاگەیاندن:**

واتا بە کرۆکی پەیوەندیکردن دادەنرێت.(الخولي،2001: 64) پەیوەندیکردنیش پرۆسەیەکە گرنگی بە ئاڵوگۆڕی واتا لە نێوان کەسەکان دەدات لە ڕێگای پەیڕەوێکی ڕەمزی دیاریکراوی هاوبەش.( نصرالله،2001: 21)کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە گوێزەرەوە و بەرجەستەکەری واتا دادەنرێن بە پشت بەستن بە هێماکانی زمان.گرنگی توێژینەوەی واتاسازی لە تێکستی ڕاگەیاندندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەبنەڕەتەوە تێکستی ڕاگەیاندن ئامانجی گەیاندنی زانیاری یان بۆچون یان هزرە بەهۆی هێمای زمانی هاوبەشەوە.(خليل و هبة،2002 : 209) لەم نێوەندەدا ڕاگەیاندنکار گرنگی بە واتای هێماکان دەدات ،لەبەرئەوەی خەمی ئەو گەیاندنی پەیامە بە وەرگر. (احمد ،2009 : 4)کەواتە بواری واتایی بوارێکی هاوبەشە لە نێوان زمان و ڕاگەیاندندا،بۆیە لە پەیوەندی نێوان وشە و واتاکەی دەکۆڵێتەوە،زمانەوانەکان گرنگی بەلایەنی واتاسازی دەدەن،بەڵام شارەزایانی ڕاگەیاندن گرنگی بە چوارچێوەی زانیاری

هاوبەشی نێوان نێرەری پەیام و وەرگر دەدەن،تا ڕاگەیاندن لەم چوارچێوە هاوبەشەدا بێت و پەیامەکەی نەکەوێتە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە.لێرەدا وشە خاڵی هاوبەشی واتاسازییە لە نێوان زمان و ڕاگەیاندندا.(البكاء،2005 : 6)بۆیە وشە لە ڕاگەیاندندا جگە لە دروستکردنی پەیوەندی ئەم ئەرکانەش دەبینێت: بەگوێرەی نێرەر دەبێتە هەست دەربڕین،بە گوێرەی تەن و شت و ڕوداو دەبێتە هێما،بەگوێرەی وەرگریش دەبێتە وروژاندن.(دزەیی،2009: 37)

دەکرێ بڵێین سیمانتیك یەكێكە لە لقەکانی زمانەوانی،کە سود لە چۆنیەتی ناردنی پەیام دەبینێت بۆ وەرگر لە ڕێگای کەناڵی جیاوازەوە،بەشێوەیەك واتای ورد و تەواو دەگوازێتەوە،هەروەها یارمەتی ڕاگەیاندنکارانیش دەدات بۆ تێگەیشتن لە توانای زمانی.(احمد ،2009 : 4) لە ڕوانگەی ئەم بۆچونانەی سەرەوە،دەکرێ بڵێین ئەرکی مانشێت وەکو پەیامێکی ڕاگەیاندن،یاخود پەیوەندیکردن گواستنەوەی واتایە لە ڕێگای پەیڕەوێکی رەمزی بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەری،مەرجیشە ئەو ڕەمز و نیشانە زمانیانەی لەو پەیوەندیکردنەدا بەکاردێن هەڵگری واتایەکی هاوبەش و ڕونبن،چونکە سەرکەوتنی پەیام بەندە بە تێگەیشتنەوە.

**1-1-1واتای سیمانتیکی مانشێت:**

سیمانتیک لێکۆڵینەوەیە لە واتای وشە و فرێز و ڕستە.(Yule,2010:112)یاخود لێکۆڵینەوەیە لە چۆنیەتی نواندن ونیشاندانی واتا لە زماندا.(ویدۆوسن،2008: 3) واتای زمان تەنیا لایەنی واتای فەرهەنگی ناگرێتەوە،بەڵکو لایەنی ڕێزمانیش دەگرێتەوە،هەروەها تەوەرەکانی تەنیا لەسەر واتای وشە ناوەستێت،بەڵکو واتای ڕستەکانیش دەگرێتەوە.(یونس،2010 ئـ : 11)لەم بارەوە هەندێ زمانەوان پێیانوایە ڕستە گرنگترین یەکەی سەرەکی واتایە و گرنگترە لە وشە،چونکە وشە بەتەنیا واتایەکی سەربەخۆی نییە،بەڵکو واتاکەی لەو ڕستەدایە،کە تیایدا بەکاردێت.(عمر،1998: 34) بۆیە ناکرێ سەیری وشە بکرێ وەکو دەفرێکی واتا،بەڵکو دەبێت بەپێی پێگەکەی لە هەر ڕستەیەکدا وەسفبکرێ.(Yule,2010:113) ڕستەش سێ جۆر واتای هەیە:واتای مەبەست،واتای وەرگر،واتای سیمانتیکی،کە واتایەکی بێلایەنە،پشت بە دۆخێکی دیاریکراو یان نێرەر یان وەرگر نابەستێت،بەڵکو واتایەکی ڕوکەشە لە واتای وشەکان و ڕیزبوونیان سەرچاوە دەگرێت.(الخولی،2001: 16)بەم پێیە واتای سیمانتیکی ڕستە لە ڕێگەی پێکهاتەی سینتاکسی و واتای ئەو کەرستانەوە دەستنیشاندەکرێت،کە ڕستە پێکدەهێنن.(عەلی،2014: 157)بۆیە "لاینز"پێیوایە سینتاکس و سیمانتیك پێکەوە گرێدراون،دەبێ ڕستە لەهەردوو ڕووەوە دروستبێت.(لوشن،2006: 86)واتە لە سیمانتیکدا ڕستە ڕێزبوونێکی ستانداردی وشەکانە،لەچوارچێوەی سستەمێکی ڕێزمانی دیاریکراودا،لە شێوەی دەنگی بیستراو،یان پیتی نووسراودا بەرهەم دێت.(الخولي،2001: 19)یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی سیمانتیک،ئەوەیە کە((تێگەیشتن لە پەیوەندیکردن ئاسان دەکات،بەمەش یارمەتی نێرەر دەدات وشەکان بە دروستی لەڕستەدا بەکاربهێنێ،چونکە هەندێ ڕستە لەڕوی ڕێزمانییەوە دروستە،بەڵام لەڕوی واتای لۆجیکییەوە دروست نییە،یاخود بەپێچەوانەوە)).(عمر،1998: 43)لەم ڕووەوە دەکرێ بڵێین مانشێتی سەرەکی وەکو پەیامێکی ڕاگەیاندن یان پارچەیەکە لە ناو دەقی هەواڵدا وەرگیراوە،(بڕوانە:نمونەی 23)،یانیش یەکەیەکی زمانی سەربەخۆیە و گوزارشت لە ناوەڕۆکی هەواڵەکە دەکات،واتە لەڕوی سیمانتیکییەوە پەیوەندی بە ناوەڕۆکی هەواڵەکەوە دەبێت،وەک(نمونەی 1-ئـ )،بەمەش گەیشتن بە واتای سیمانتیکی مانشێتی سەرەکی لە ڕێگای واتای فەرهەنگی وشەکان و چۆنیەتی ڕیزبوونیان لە ڕۆنانی مانشێتدا دەبێت دور لە هەڵومەرجی گوتن،بۆ نمونە:

(1)-ئ-سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شاندێکی پەرلەمانی لوبنان کرد (خەبات،17-9،ژ5825)

ب- شاندێکی پەرلەمانی لوبنان پێشوازی لە سەرۆک بارزانی کرد.

هەرچەندە ئەو دوو نمونەیە لە هەمان کەرستە پێکهاتون،بەڵام جێگۆڕکێی کەرستەکانیان لە ڕۆنانی سەرەوەدا بوٚتە هۆی ئەوەی مەبەست و واتای سیمانتیکی جیاواز بگەیەنن.

**2-1-1-واتای بابەتی(Thmatic meaning):**

واتای بابەتی یەکێکە لەو حەوت جۆرەی واتا کە "لیچ "باسیکردوە و بەبڕوای ناوبراو واتای بابەتی ئەو واتایەیە کە نێرەر(قسەکەر یان نوسەر)لە ڕێگای ڕێکخستنی کەرستەکانی پەیامەکەی لە ڕوی ڕیزکردن و جەختکردنەوە دەیگەیێنێت.(Leech,1974: 22)

"فەتاح"یش پێیوایە واتای بابەتی ئەو واتایەیە،کە نێرەر بەهۆی شێوەی ڕێکخستنی مەبەستەکەوە دەیگەیەنێت،چی کەرستەیەک پێش دەخات،چی دەباتە دواوە و لەسەرچی سور دەبێت و چی بەلاوە گرنگ نییە...هتد،هەروەها پێیوایە واتای بابەتی نەک هەر پەیوەندی بەڕۆنانی ڕێزمانییەوە هەیە،بەڵکو بریتییە لە کێشەی هەڵبژاردنی ئەو وشە و ڕۆنانە ڕێزمانییەی کە بەباشتر دەزانرێ بۆ گەیاندنی مەبەست لەناو ئەو ڕۆنانەدا کە زمانەکە ڕێگایان پێدەدات.(فەتاح،2011: 165) هەر لەو بارەوە "عومەر" دەڵێت:بە شێوەیەکی گشتی واتای بابەتی پەیوەندی بە هەڵبژاردنی ئەو ڕۆنانەوە هەیە،کە لە نێو ڕۆنانە ڕێزمانییەکان ڕێگای پێدراوە،وەک

هەڵبژاردن لەنێوان بکەر دیار و بکەر نادیاردا.هەروەها پەیوەندی بەو شێوە ڕێکخستنە هەیە،کە نێرەر لە ڕێگەیەوە وشەکانی پەیامەکەی ڕیزدەکات و زەقیان دەکاتەوە،یان جەختیان لەسەر دەکاتەوە.(عمر،1998: 41)

سەبارەت بە ڕۆڵی واتای بابەتیش لە تێگەیشتنی پەیامدا،"لیچ" پێیوایە((ئەو جۆرە واتایە یارمەتی وەرگر دەدات بۆ ئەوەی بتوانێ بەتەواوی و بەدروستی لە پەیامەکە تێبگات،ئەمەش لە ڕێگای دوپاتکردنەوە،یان تیشکۆ خستنە سەر بەشێک لە ڕستە، یان لە ڕێگای ڕیزکردنی پێکهاتەکانی ڕستەوە بەدەست دێت)). (Leech,1974:22-23 ) بۆیە کاتێ((ڕیزکردنی کەرستەکان ببێتە هۆی گۆڕانی واتا،دەکرێ ئەو جۆرە واتایە بەواتای ڕێزمانی ناوبنرێت،واتای ڕێزمانیش هەر لە سنوری ڕیزکردن ناوەستێت،بەڵکو هۆکارە بۆ پەڕینەوە بۆ واتای سیمانتیکی و پراگماتیکی،لەوانەش دیارکردنی واتای بابەتی)).(دزەیی،2015: 21)بۆ نمونە:

(2)-ئ-پێش جەژن کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکدێت (خەبات،8-5،ژ5745)

ب-کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش جەژن پێکدێت.

هەردوو نمونەی(2-ئ ،ب)هەمان زانیاری دەگەێنن،تاکە جیاوازی نێوانیان لە ڕێکخستنی پەیام یان مەبەستەکەدایە.ئەم دوو ڕستەیە لە ڕوانگەی ڕێزمانی گوێزانەوەدا لە ڕۆنانی ژێرەوەدا هاوواتان،بەڵام لە ڕوانگەی ریزمانی ئەرکیدا واتای بابەتی جیاواز دەگەێنن،چونکە ئەرکیان جیاوازە و لە دەوروبەری جیاواز بەکاردێن، نمونەی (2-ئ)وەڵامی پرسیاری(پێش جەژن چی پێکدێت؟)دەداتەوە،کەچی نمونەی (2-ب)وەڵامی پرسیاری(کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەی پێکدێت؟)دەداتەوە.

ئەم پێناسانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن،کە واتای بابەتی لە بنەڕەتەوە لەسەر بنەمای هەڵبژاردن لە نێوان ڕۆنانە ڕێزمانییە جێگرەوەکاندا سەرچاوە دەگرێ،کە بە سیمانتیکی جێگرەوە ناودەبرێت، لە سیمانتیکی جێگرەوەدا ڕۆنانە جێگرەوەکان بەکاردێن،کە هەمان تێگەیشتن و واتای هۆشەکییان هەیە،بەڵام مەبەستی جیاواز دەگەیەنن و هەریەکەیان بۆ بارێک دەبێت.کەواتە واتای بابەتی گرنگی بەو شێوازە دەدات،کە نێرەر کەرستەکانی پەیامەکەی پێ ڕێکدەخات بۆ گەیاندنی مەبەستێکی دیاریکراو،کە ئەویش دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر وەرگر.مەبەست و کاریگەریش بە بەشێک ((لەو چوار ڕەگەزە: (مەبەست،نرخ،بیر،هەڵچون یان کاریگەری )دادەنرێن ،کە ئۆگدن و ڕیچاردز بە بنەمای واتایان داناوە)).(لوشن،2006: 48) واتای بابەتی مامەڵە لەگەڵ ڕێکخستنی وشەکان و پەسندی ڕیزبوونیان لەڕوی سینتاکسییەوە لە چوارچێوەی پێکهاتەی زانیاری ڕستەدا دەکات،بێ گوێدانە ڕوخسار.ئەم جۆرە گرنگیدانەی واتای بابەتی بە شێوازی داڕشتن و هەڵبژاردن و ڕیزکردنی کەرستەکان لە پەیامدا،لەلایەک لە ڕەوانبێژی و شێوازی نزیکدەکاتەوە ،لەلایەکی تریش وادەکات بەیەکداچون لە نێوان واتای بابەتی و واتای کاریگەری(Effective meaning)کە یەکێکە لەو واتایانەی کە "لیچ" باسیکردوە،ڕوبدات،چونکە هەردووکیان هەڵوێستی نێرەر بەرامبەر بە وەرگر،یان بابەتێکی دیاریکراو دەردەبڕن.لە واتای بابەتیدا بابەتەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە،بەڵام ڕێکخستنی ڕستەکان و مەبەست دەگۆڕێت،هەمیشە ئەو ڕێگایەی پەیامەکەی پێ ڕێکدەخرێ، ئەوە ڕوندەکاتەوە،کە چ زانیارییەک گرنگە و چی گرنگ نیە.ئەمەش بنەمای واتای بابەتییە و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە ڕۆنانی مانشێتدا شێوازی جیاواز بۆ گوزارشت کردن لە ڕوداوێکی دیاریکراودا پیادەبکرێت.

**3-1-1پێکهاتەی زانیاری لە واتای بابەتیدا:**

قسەکەر بۆ ئەوەی مەبەستەکەی بە ڕونی بگات،ناچار دەبێت بیر لە چۆنیەتی داڕشتن و ڕێکخستنی زانیاریەکان لە ڕستەدا بکاتەوە.ئەم جۆرە ڕێکخستنە پێی دەوترێت پێکهاتەی زانیاری، کە "جەیف" بە پاکێجی زانیاری ناوی بردوە.(Jennifer,2015:1)بە بڕوای "هاڵیدای" پێکهاتەی زانیاری بریتییە لەڕێکخستنی زانیاری لەو وشە و کەرستانەی کە ڕستە پێکدەهێنن.(Halliday,1967:99)یاخود ڕەنگدانەوەی نەخشەی مێشکی قسەکەر و زانیاری هاوبەش(باکگراوند)و هەڵبژاردنی ستایلێکی زمانە0(Manfred,2008:244)پێکهاتەی زانیاری گرنگی بە ڕۆڵی ڕستەیەک (ئاخاوتن)لەلای قسەکەر و گوێگر و لێکەوتەکەی دەدات،کە قسەکەر مەبەستێتی لە چوارچێوەی ئەو ڕستەیەی کە دەریدەبڕێت،چ زانیاریەک بە گوێگر بدات.(حسەین،2012: 91)سەرەتا زاراوەی پێکهاتەی زانیاری لەلایەن "هاڵیدایەوە" لە وتارێکیدا لە ساڵی(1967) بە ناونیشانی (تێبینیەکان لەسەر کرداری تێپەڕ و باس لە زمانی ئینگلیزیدا)باسی لێوە کراوە،لەوێدا ناوبراو باسی ڕێکخستنی زانیاری لە زمانی قسەکردن یان ڕستەی نووسراو کردوە. (Halliday,1967:99)

پێکهاتەی زانیاری ئەو بەشانەی زانیاری دەگرێتەوە،کە وەڵامدەرەوەی ئەو بارە کاتییەیە،کە لەمێشکی وەرگردا هەیە،بۆنمونە جیاوازی نێوان دەربڕینێکی بکەردیار و بکەرنادیار،جیاوازییەکی سینتاکسییە،بەڵام پاڵنەری ئەمە بۆ پێکهاتەی زانیاری دەگەڕێتەوە.(Jennifer ,2015:3)پیکهاتەی زانیاری ڕویەکی ڕێکخستنی بابەتیانەی گوتنە، وەک لە کاری زمانەوانانی قوتابخانەی پراگدا دەرکەوتوە. ڕێکخستنی بابەتی بەڕونی لە فۆڕمە جیاوازەکانی زماندا ڕەنگدەداتەوە،لەوانە ڕێکخستنی وشە و ڕیزبەندی کەرستەکان

لە ڕستەدا،بەتایبەتی لە دابەشکردنی ڕستە بۆ باس و خواس(theme&rheme)ڕەنگیداوەتەوە. (Halliday,1967:205 )پێکهاتەی زانیاری لای "هاڵیدای"بۆ وەسفکردنی ئەو ڕاستییە بووە،کە دەوروبەری زمانی و دەوروبەری نازمانی هەر ڕستەیەک لە توانایدایە کار لە پێکهاتەی ڕستە بکات، بۆیە گەلێک لە زانایانی زمان و دەوروبەری زمانی ئەمەیان لەبەر چاو گرتوە بۆ تێگەیشتن لە تایبەتمەندی فۆڕمەکانی هەر ڕستەیەک.(عەلی،2015: 48)

پێکهاتەی زانیاری کاریگەری زۆری لەسەر چۆنیەتی داڕشتنی پەیام هەیە،ئەم کاریگەرییەش درێژ دەبێتەوە بۆ جیاوازی لە ڕیزکردنی وشەکاندا،یان ڕێکخستنی زانیاریەکان،وەک ئەوەی دەکرێ هەمان ڕوداو بەچەند شێوازێکی جیاواز گوزارشتی لێ بکرێت،((لەم بارەوە زانایانی زمان لەسەر ئەوە کۆکن،کە پەیوەندیکردن پرۆسەیەکی دەرونی کۆمەڵایەتییە، بۆیە قسەکەر بە ڕێگای جیاواز زانیاریەکان ڕێکدەخات و پێشکێش دەکات ،ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،کە ئاخێوەر دەیەوێت سەرنج بخاتە سەر ئەوەی کە بڕیارە پێشتر بزانرێت،یان ئەوەی بەگرنگتر دەزانرێت، یان ئەوەی وەک زانیاری باکگراوند(هاوبەش) مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت)). (Jennifer ,2015:2)بەواتایەکی تر گۆڕینی ڕیزکردنی وشەکان بۆ جیاکردنەوەی پێکهاتەی زانیاری دەگەڕێتەوە،کە بەهۆیەوە زانیاری زانراو(باس) پێش زانیاری نوێ(خواس) دەکەوێ. (Halliday,1967:206)بۆنمونە:

(3)-[کۆبوونەوەکان]باس(زانراو) [بەردەوام دەبن]خواس(نەزانراو) (خەبات،22-1،ژ7770)

بە گشتی مرۆڤ کاتێ کە قسەدەکات ناوەڕۆک و مەبەستی قسەکانی ڕێکدەخات.لەم ڕووەوە پێکهاتەی زانیاری ئەو ڕێگایەیە ،کە زانیاریەکانی لەڕستەدا پێ ڕێکدەخرێ و ئەمەش پرۆسەی تێگەیشتن لە نێوان نێرەر و وەرگر ئاسان دەکات.هەڵبژاردن و ڕێکخستنی کەرستەکانیش لە پەیامدا لەژێر دەسەڵاتی قسەکەردایە،جیاوازی لە شێوازی ڕێکخستنی زانیاریەکانیش واتای بابەتی لێ بەدەست دێت،چونکە ڕەنگدانەوەی بیروبۆچون و مەبەستی قسەکەرە.واتە قسەکەر لە چوارچێوەی ڕێکخستنی پێکهاتەی زانیاریدا شوێنی تیشکۆ و ڕیزبوونی کەرستەکان لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا دیاری دەکات.

**1-1-4-دابەشکردنی زانیاری لە واتای بابەتیدا:**

لەڕوانگەی دابەشکردنی زانیاریەوە ڕستە یاخود مانشێت بۆ چەند یەکەیەکی زانیاری دابەش دەبێت،لە ڕێبازی ئەرکیدا هەر یەکەیەکی زانیاری ئەرکێکی جیاوازی هەیە،بۆیە نوسەر بەگوێرەی مەبەست زانیاریەکان بەپێی کۆن و نوێیان لە چوارچێوەی ڕستەدا ڕیزدەکات، جیاوازی ڕیزبوونی کەرستەکانیش ئەرک و واتای بابەتی جیاوازی لێدەکەوێتەوە.بەبڕوای هەندێ لە توێژەرانی زمانەوانی چەمکە بنەڕەتیەکانی پێکهاتەی زانیاری بریتین لە: تۆپیک و کۆمێنت(Topic&Comment)،یان دراو و نوێ(given&new)،یان باکگراوند و تیشکۆ(background & focus ).(Manfred,2008:243)

"هاڵیدای"پێوایە ڕستە وەک یەکەیەکی زمانی ئەرکێکی کەسی هەیە و پێویستە بەشێوەیەک دابڕێژرێت،کە کارلێک لە نێوان نێرەر و وەرگر دروست بکات،بۆیە لە ڕوانگەی ئەرکییەوە ڕستەی بۆ دوو بەشی باس و خواس دابەشکردووە،باس وەکو بەبیرهێنانەوەیەکە،ئەو بەشەی تریش کە باس گەشە پێدەدات،پێی دەوترێت خواس.(Halliday,1985:14)لە بنەڕەتدا بەکارهێنان و جیاکردنەوەی زاراوەی باس و خواس(topic & comment\focus) بۆ "فێرباس و دانیش" دەگەڕێتەوە،کە لایەنگرانی قوتابخانەی ئەرکی پراگ بوون. (فەتاح،2010: 329)هەر لەم بارەوە بەلای "ماثیسیوس"ناوەڕۆکی ڕستە دابەشدەبێتە سەر دوو بەش:باس و خواس، باس ئەو ناوەیە کە ڕستەکە هەواڵێکی لەبارەوە دەدات،یان ئەو وشەیە کە تەوەری سەرەکی قسەکردنە لە ڕستەدا.خواسیش ئەو هەواڵەیە کە دەربارەی باسی ڕستەکە دەوترێت،بەزۆری باس لەپێش خواس دێت،تەنها لەو کاتەدا نەبێت،کە تشکۆ دەخرێتە سەر بەشێکی ڕستە.(مؤمن،2015: 139)هەروەها بە بڕوای "دانێس"(Danes)لە ڕوانگەی ئەرکییەوە ڕستە یان گوتن دابەشدەبێتە سەر:

1-باس (Topic/theme ) و خواس (Comment/Rheme).

2-پلە جیاوازەکانی دینامیکی پەیوەندیکردنی ئاخاوتن،کە(سەبار،ئامرازی بەستن و لێکدەر...هتد)دەگرێتەوە.(Jwad,2007:22-23)

بەشێوەیەکی تر باس ئەو زانیاریانەیە،کە ئاخێوەر پێشکەشی دەکات و گوێگریش تێی دەگات،چونکە ئەو زانیاریانەی لە دەقەکانی پێشەوە پێدەگات.(Halliday&Hasan,1976:326)کەچی خواس ئەو زانیاریەیە کە پێشتر باس نەکراوە، یان لەڕوی تێکستییەوە نیشانە نەکراوە.(Halliday,1967:206 ) باس بە گشتی تیشکۆی لەسەر نییە،بەڵام خواس بەگشتی یەکەیەکی خاوەن تیشکۆیە،چونکە ئاخێوەر دەیەوێت ئاوازێکی تایبەتی پێبدات،لێرەدا زانیاری نوێ بەهۆی جەختی ئاوازەوە لە چوارچێوەی یەکەی ئاوازەداردا دەناسرێتەوە و جەختکردن پێکدێنێت،بەمەش دەبێتە یەکەیەکی زانیاری ڕونکەرەوە بۆ زانیاری زانراو.(قادر،2008: 125-

126)لە زۆر زماندا جیاوازی نێوان باس و خواس بەهۆی هۆكاری ڕستەسازی و فۆنۆلۆژییەوە دەردەخرێ،وەك:گۆڕینی ڕیزبوونی كەرستەكان لەڕستەدا ،یاخود بەهۆی بەكارهێنانی هێزو ئاوازەوە.(فەتاح،2010: 329)

دیارە هەموو ئەوانەی لە ڕوانگەی ئەركییەوە سەیری پێكهاتەی زانیاری ڕستەیان كردوە،بۆ دوو بەشی سەرەكی دابەشیان كردوە:باس(زانیاری زانراو/كۆن)و خواس(زانیاری نەزانراو/نوێ)،جیاوازی ئەو زاراوانەش كە بۆ ئەو دوو چەمكە بەكارهاتوون بۆ جیاوازی ئاڕاستەكانی زمانەوانی،یان توێژەرەكان دەگەڕێتەوە.بۆنموونە لە ڕێزمانی ئەركی هاڵیدایدا جیاوازی لە نێوان(باس وخواس)لەلایەك و (كۆن و نوێ) یان (دراو و نوێ)لەلایەكی ترەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو زانیارییەوە هەیە،كە لە ڕستەكەدا دێت.واتە كاتێ ڕستە وەك یەكەیەكی زانیاری گەیاندن تەماشا بكرێ و باس نیشانە نەكراوبێت(unmarked theme) و لەباری ئاسایدا بێت،ئەوا(باس)زانیاری(كۆن)یان(زانراو)،(خواس)یش زانیاری(نوێ)یان(نەزانراو)دەگەیەنێت،وەك:

(4)-[پارتی و كۆمەڵ]باسی نیشانە نەكراو(زانراو) [كۆبوونەوە]خواس(نەزانراو) (خەبات،13-2،ژ5693)

بەڵام لە نمونەی نیشانكراودا،واتە لە باری نائاسایدا(marked theme )باس زانیاری نوێ و خواس زانیاری زانراو دەدات بەدەستەوە. (فەرهادی،2008: 104)وەك:

(5)-ئـ-كێ پارمەتی دایت؟

ب-[شوان]باسی نیشانەكراوە(نەزانراوە) [پارمەتی دام]خواس(زانراو).

كەواتە باس زانیاری هاوبەشە و بەزۆری لە سەرەتای ڕستە دێت،قسەكەر پێشبینی دەكات،كە گوێگر دەیزانێ و دەكرێ لە ڕێگای فۆرمە جیاوازەكانی زمانەوە بەدەست بێت. دەشێ باس نیشانەكراو یان نیشانە نەكراوبێت،لەڕستەی هەواڵگەیاندندا باس نیشانەكراو دەبێت ،ئەگەر لە پێش بكەر بێت،واتە بەلوتكەكرابوو،بەپێچەوانەشەوە ئەگەر باس بكەربوو ئەوا نیشانە نەكراوە،بەڵام خواس زانیارەكی نوێیە و تەواوكەری باسە و بەزۆری لەدوایەوە دێت،لە مێشكی قسەكەردایە و پێشكەشی گوێگری دەكات،سەرنجی گوێگر ڕادەكێشێ و ئامانجی ئاخاوتنەكە ڕوندەكاتەوە.لە دابەشكردنی پێكهاتەی زانیاریدا زانیارییە زانراوەكان دەبنە دەسپێك بۆ گەیاندنی زانیارییە نەزانراوەكانی پەیام،لە هەموو بارەكانیشدا قسەكەر دیاریدەكات،كە كامە زانیاری زانراوە و كامەیان نەزانراوە.وە دەكرێ زانیاری نەزانراو لە سنوری ڕستە و ئاخاوتندا لە ڕێگای چەند میكانزمێكی زمانەوانی كە دواتر باسیان دەكەین، دەستنیشان بكرێت.

سەبارەت بە زمانی كوردیش،پێكهاتەی زانیاری لە زمانی كوردیدا وابەستەی یاسا سینتاكسیەكانە،ئەم یاسایانەش ڕێگە بە هەموو گواستنەوەیەكی كەرستەكان نادەن،بەپێی یاساكان بەزۆری باس(تۆپیك)كە فرێزێكی ناوییە و بكەرە لە سەرەتای ڕستە دێت،خواس(كۆمێنت)لە بەشی كۆتایی ڕستەدا(بەشی كردار)دێت.(بڕوانە: نمونەی 3).((ئەمە نەك هەر لە ڕستەی بكەر دیاردا،بەڵكو لە ڕستەی بكەر نادیاریشدا دەردەكەوێ، كە تێیدا بەركاری ڕستەی بكەر دیار دەچێتە پێشەوە و لە یەك كاتدا دەبێتە بكەر و باس))،(سەرچاوەی پێشو،2008: 106)وەك:

(6)-[ڕێكەوتنامەی نێوان یەكێتی و پارتی]باس [ئیمزاكرا]خواس (ك.ن،5-3،ژ7806)

توێژەرانی بواری زمانەوانی گرنگی هاتنی باسیان لە سەرەتای ڕستەدا بۆ چەند هۆكارێك گێڕاوەتەوە،لەوانە:

1-بەكارهێنەرانی زمان پێیان باشە زانیاری زانراویان پێش زانیاری نەزانراو پێ بدرێ،چونكە پارمەتی گوێگر دەدات بۆ ڕونكردنەوەی پاشماوەی ڕستەكە.(Rijkhoff,2015:2 )بە مەرجێك باس نیشانە نەكرابێت،واتە ئاسایی بێت.(فەرهادی،2008: 104)

2-بۆ لێكدانەوە وا ئاسانترە لە كۆنەوە بچین بۆ نوێ،نەك بە پێچەوانەوە.(فەتاح،2010: 347)

3-بۆ خێراكردنی كردەی گەڕان،یان كردنەوەی ئەو بنەما زانیاریەیە،كە لە ئاوەزی قسەكەردایە و دەیەوێ دەری ببڕێت.(قادر،2008: 123)

مەرجیش نییە هەموو ڕستەیەك یەك زانیاری زانراوی تێدابێت،هەندێجار وارێكدەكەوێ ڕستە زیاتر لە زانیاریەكی زانراوی تێدایە،وەك:

(7)-ئـ- كەی مشتومڕی خوێندكاران و پەروەردە كۆتایی دێت؟ (ك.ن،29-6،ژ7898)

ب-[مشتومڕی نێوان خوێنكاران و پەروەردە]باس [ساڵێكی تر]خواس [كۆتایی دێت]باس.

سەرەڕای بوونی ئەم هۆكارانەی سەرەوە،كەچی((لە زمانی كوردیدا تاڕادەیەك پاش و پێشخستن بە زانیاریەكان ڕێگەپێدراوە.واتە بەهەمیشەیی باس لە جێكەوتەی بكەردا نییە،خواسیش لە جێكەوتەی بەشەكرداردا نییە)).(عەبدوڵڵا،2013: 150)مەرجیش نییە پێكهاتەی زانراو لە ڕێگەی ڕیزبەندی زانیاریەكان بەدەست بێت،لەوانەیە چڕكردنەوەی زانیاری وا بكات لە هەر شوێنێكی تری ڕستەدا بێت،چونكە شوێنی زانراو و نەزانراو لە زنجیرەی كەرستەكانی ڕستە نیشانە نەكراوە(unmarked). (Halliday,1967:205 )بۆیە((ناكرێ باس لە چوارچێوەی شوێندا پێناسە بكرێ،چونكە شوێن خاڵی گرنگ نییە،كاتێ كە باس زاراوەیەكی ئەركی

بێت)).(فەرهادی،2008: 104)بەڵکو دەشێ هەندێجار بەهۆی پرۆسەی بەلوتکەکردنەوە دابەشبوونی زانیارییەکان بگۆڕێ و زانیاری نەزانراو لە سەرەتای ڕستەوە بێت، وەک :

(8)-ئـ-[مامۆستا محەمەد مەلا قادر]باس [بە خەبات و دڵسۆزی و کۆڵنەدانی خۆی پلەکانی کاروانی خەباتی بڕی]خواس (خەبات،25-8،ژ5701)

ب-[پلەکانی کاروانی خەبات]خواس، [مامۆستا محەمەد مەلا قادر بە خەبات و دڵسۆزی و کۆڵنەدانی خۆی بڕیی]باس.

یانیش ئەگەر (خواس )هێزی سەرەکی ڕستە وەربگرێت و جەختی لەسەر بکرێتەوە،دیسان لە سەرەتای ڕستە دێت،وەک:

(9)-[هەمیشە]خواس [ئەو ڕەخنە دەگرێت]باس.

یاخود ئەو کەرستەی وەڵامی وشەی پرس دەداتەوە لە ڕستەی وەڵامدا، دەبێتە زانیاری نەزانراو(خواس)،دەشێ لەسەرەتای ڕستەدا بێت،بۆنمونە:

(10)-ئـ-کێ هۆنراوەکەی نووسی؟

ب-[کاروان]خواس [هۆنراوەکەی نووسی]باس.

مەرجیش نییە هەموو کات ڕستە لە باس و خواس پێکهاتبێت،((ئەگەر لە ڕستەدا هەموو زانیاریەکان نوێ بوون باسی تێدانییە.(Jwad,2007:27)بەتایبەتی کاتێ ڕستەکە دەبێتە وەڵام بۆ پرسیاری (چی ڕویداوە؟):

(11)-ئـ-چی ڕویداوە؟

ب-[نرخی کەل و پەل گران بووە]خواس.

**1-1-5-میکانزمەکانی بەدەستهێنانی واتای بابەتی:**

خاڵی گرنگ لە واتای بابەتیدا ئەرک و گۆڕانی واتایە،لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە یاسا و پێشخستنی هەر کەرستەیەک بەندە بەچەند هۆکارێکەوە،کە نێرەر لە ژێر کاریگەری ئەم هۆکارانە پەیامەکەی بە وەرگر دەگەیێنێت،هاوکات ئەو ڕێگەیە هەڵدەبژێرێت ،کە دەتوانێت کار لە بەرامبەرەکەی بکات و ئەو پەیامەی کە مەبەستییەتی پێی بگەیێنێت. (دزەیی،2010: 30)لەم بارەوە زمانەکان چەند میکانزمێکی زمانەوانی جیاواز بەکاردەهێنن بۆ ناسینەوە و ڕیزکردن و نیشانەکردنی بەشەکانی پێکهاتەی زانیاری،کە دواجار هەر لەڕێگای ئەم میکانزمانەوە دەتوانرێ واتای بابەتی لە چوارچێوەی ڕۆنانە جیاوازەکانی ڕستەدا بەدەست بێت،میکانزمەکانیش بریتین لە:(ڕیزکردنی کەرستەکانی ڕستە ،تیشکۆ،پەیوەندییە واتاییەکان)

**1-1-5-1- ڕیزکردنی کەرستەکانی ڕستە:**

بێگومان ڕیزکردن یان پاش و پێشکردنی کەرستەکانی ڕستە لەهەر زمانێکدا وابەستەیە بە یاسا سینتاکسییەکانی ئەو زمانە،کە لە چوارچێوەی ئەم یاسایانەدا دەکرێ کەرستەکان بەپێی مەبەست ڕیزبوونی جیاواز بەخۆوە ببینن،چونکە((یاساکانی گواستنەوە ڕێگا بەهەموو کەرستەیەک دەدەن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوازرێتەوە،بەمەرجێک یاساکانی ڕیزکردن دەرفەت بدەن)).(بەگیخانی،1996: 56) جا لەبەر ئەوەی لێرەدا لە ڕوانگەی ئەرکییەوە سەیری ڕستە یان مانشێت دەکرێ،بۆیە دەبینین((هەڵبژاردنێکی زۆر لە پێش قسەکەردا هەیە،کە لە ڕۆنان و پێکهاتەی جیاواز خۆی دەنوێنێت،هەر پێکهاتەیەک ئەرکێکی جیا جێبەجێ دەکات،بۆیە قسەکەر دەتوانێت بەگوێرەی بارودۆخی ئاخاوتن ڕۆنانێک ڕێکبخات.کەواتە ڕۆنانی جیاجیا واتای جیا دەگەیەنێت)).(فەرهادی،2008: 14)(بڕوانە:نمونەی 1)

بەم پێیە جیاوازی لە ڕامان و دید و بۆچوون بەرامبەر بەکەس و شت و ڕوداوەکان،جیاوازی لە دەربڕین و ڕیزکردنی کەرستەکان دێنێتە کایەوە،جیاوازی لە ڕیزبوونی کەرستەکانیش هۆکارێکە بۆ ڕەنگدانەوەی واتای جیاواز،لە نێویشیاندا واتای بابەتی لە سنوری ڕستە و مانشێتدا. ڕیزکردنی کەرستەکانیش خۆی لە چەند پرۆسەیەکی سینتاکسی ڕێگا پێدراو دەبینێتەوە،وەک:

**1-1-5-1-1بەلوتکەکردن(Topiclaization):**

سەرهەڵدانی بەلوتکەکردن لە ڕستەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانەی لەو نەخشەیەدا دێتە دی،کە قسەکەر لە مێشکی خۆیدا بۆ گوتنەکە سازی دەکات.(فەتاح،2010: 352)بەلوتکە کردن لەڕێگای گۆڕان لە ڕیزبوونی ئاسایی بۆ ڕیزبوونێکی نائاسایی کەرستەکانی ڕستە بەدی دێت. بەلای "هودڵیستۆن" بەلوتکەکردن بریتییە لە گواستنەوەی کەرستەیەک لە شوێنێکی نیشانە نەکراوەوە بۆ شوێنێکی نیشانەکراو، بەمەبەستی جیاکردنەوە و زیاتر زەقکردنەوەی لە نێو کەرستەکانی تردا،(Jwad,2007:63)کە لەوانەیە ئەو کەرستەیە (بەرکار،ئاوەڵکار،فرێزی بەند...هتد)بێت.(فەرهادی،2008: 110)

لەبەرئەوەی زمانی کوردی بۆ نیشاندانی پەیوەندییە سینتاکسییەکان پشتی بە ڕیزبوونی وشە بەستوە،بۆیە گۆڕینی واتای ڕستە تەنیا بەهۆی گۆڕانی شوێنی وشەکانەوە دەبێت. (بەگیخانی،1996: 53)بۆیە کاتێک قسەکەر دەیەوێت سەرنجی گوێگر بۆ توخمێکی دیاریکراو ڕابکێشێ،یان بیەوێ جەخت بکاتە سەر توخمێکی دیاریکراو،لەو کاتەدا ڕیزکردنی ئاسایی کەرستەکان تێکدەدات و ڕیزکردنێکی نائاسایی دێتە کایەوە.(فەرهادی،2008: 24) بەم پێیە دەکرێ بەرکاری ڕستە بەرێگەی لوتکاندنەوە بەپێی یاسایەکی گوێزانەوە بخرێتە سەرەتای ڕستەوە.(عەلی،1998: 12) لە شوێنە چۆلەکەی بەرکاریشدا شوێنپێیێک بەجێدەهێلرێت و لەگەڵ کەرسە هێنراوە پێشەکەدا هاونیشانە دەبێت،لەهەمان کاتدا فرێزە هێنراوە پێشەوەکە بەکلیتیک کراوە،چونکە لە فۆرمی کلیتیکدا ئاخنراوەتە ناو کردارەکەوە.(محەمەد،2009: 260-262)وەک نمونەی(12-ب).بەڵام ئەگەر ئەو فرێزەی دەبێتە سەرتۆپی هێنراوە پێشەوە لە ڕستەی باسمەند،بەرکار نەبوو،بەڵکو تەواوکەری ناڕاستەوخۆ،یان ئاوەڵکار بوو،لەبری کەرستەکە کلیتیک لەناو کردارەکە دانانرێت،تەنها دەبێتە هاونیشانە لەگەڵ جێکەوتەی بنەڕەتدا.(قادر،2008: 90-91)وەک نمونەی(12-پ)بەم پێیە گوێزانەوەی کەرستەیەکی ڕستە لە شوێنی بنەڕەتی خۆی بۆ شوێنێکی تر بە گواستنەوەی ئەرکی یان گواستنەوەی زەقکردنەوە ناودەبرێت ،دەچێتە خانەی گرنگیپێدان و زەقکردنەوە بەهۆی بەلوتکەکردنەوە.کە نێرەر هەڵدەستێت بە جوڵاندنی توخمی مەبەست بۆ لای ڕاستی ڕستەکە،کەرستە ڕاگوێزراوەکە هێزی سەرتۆپی هێنراوە پێشەوە وەردەگرێت و دەبێتە تۆپیک.ئەمەش کاتێ ڕوودەدات کە نێرەر ناتوانێ بەهۆی باسی نیشانە نەکراو مەبەستەکەی بپێکێ،بۆیە پەنا دەباتە بەر باسی نیشانەکراو،کە خاڵی پەیوەندی نێوان خۆی و وەرگرە،وەك:

(12)-ئـ-[سەرۆک کۆمار]باس [زنجیرەیەک کۆبوونەوە لە هەولێر دەکات]خواس (ک.ن،18-9،ژ7962)

ب-[زنجیرەیەک کۆبوونەوە]خواس، [سەرۆک کۆمار لەهەولێر دەیکات]باس.

پ-[لە هەولێر]خواس، [سەرۆک کۆمار زنجیرەیەک کۆبوونەوە دەکات]باس.

هەر سێ نمونەی(12-ئـ ،ب،پ)هەمان زانیاری دەگەێنن و لەهەمان کەرستە پێکهاتون،بەڵام جیاوازیان لە ڕیزبوونی کەرستەکان و مەبەست و ئەرکەکانیاندایە،لەهەر مانشێتێک نێرەر بەپێی گریمانەی خۆی یەکێک لە کەرستەکانی لا گرنگ بووە و کردویەتی بە خواس و جەختی لەسەر کردوەتەوە،ئەمەش وایکردوە مانشێتەکان لەڕوی مەبەست و وروژاندن و واتای بابەتییەوە جیاوازبن.

**2-1-5-1-1سکرامبلینگ (Scrambling):**

لە هەندێ زماندا لە پێکهاتەی سەرەوەی ڕستەکاندا کەرستەکان ڕیزبوونی جۆراجۆر بەخۆوە دەبینن،بەبێ گۆڕینی کرۆکی واتای ڕستەکە،بەم حاڵەتە دەوترێت سکرامبلینگ.(عەبدوڵڵا،2013: 77)ئەم پرۆسەیە هاوشێوەی بەلوتکەکردنە،هاوکات لە چەند لایەکەوە لێی جیاوازە،چونکە وەک یاسایەکی سەرپشکی پێشنیازکراوە،بەوەی هەندێک لە پێکهاتەکانی ڕستە لە ڕیزبوونیاندا ئازادانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت و شیاو بێت لەهەر جێکەوتەیەکی ڕستەکەدا بێت. لێرەدا جگە لەوەی سەرتۆپی لاوەکی(بەرکار)دەهێنرێتە پێش سەربار و گۆڕان لەڕیزبوونی کەرستەکان ڕوودەدات،(قادر،2008: 65)گۆڕان لە واتای بابەتی ڕستەکەشدا ڕوودەدات،وەک:

(13)-ئـ-[یاریزانەکە] باس [لەناکاو گۆڵێکی تۆمارکرد]خواس.

ب-[یاریزانەکە]باس [گۆڵێکی لەناکاو تۆمارکرد]خواس.

لێرەدا ڕاستە واتای چەمکی هەردوو ڕستەکە یەکە،بەڵام بەهۆی گۆڕان لە ڕیزبوونی کەرستەکانیان،واتای بابەتیان جیاوازە و دوو مەبەستی جیاواز دەگەیەنن،نمونەی(13-ئـ)وەڵامی پرسیاری(یاریزانەکە چۆن گۆڵەکەی تۆمارکرد؟)،نمونەی (13-ب) وەڵامی پرسیاری(یاریزانەکە گۆڵێکی چۆنی تۆمارکرد؟)دەدەنەوە.

**3-1-5-1-1- جێکەوتەی سەربار(Extraposition):**

"کریستاڵ" پێیوایە جێکەوتەی سەربار پرۆسەیەکە،یاخود ئەنجامی گوێزانەوەی یان پیشاندانی پێکهاتەیەکە لە جێکەوتەی ئاسایی خۆی بۆ جێکەوتەیەکی تر،یان بۆ نزیک لە کۆتایی ڕستەکە،(Jwad,2007:71)کە هەندێ بۆچون ئەم دیاردەیان وەکو بنەمایەکی تیشکۆی کۆتایی (end-focuse)ئاماژە پێکردوە.(Quirk et al,1985:1357)پرۆسەی جێکەوتەی سەربار بریتییە لە گۆڕینەوەی پێکهاتە گوێزراوەکە بە پێکهاتەیەکی جێگرەوە،کە بە سەرباری(ئەو-it)ناسراوە.(Jwad,2007:71)ئەم پرۆسەیە زیاتر گواستنەوەی (بکەر،یان بەرکار،یان ئامرازی گەیەنەری(کە)...هتد)یە بۆ دەرەوەی جێکەوتە ئاساییەکەی،کاتێک ئەمە ڕوودەدات،کە جێناوی(ئەو)لە جێکەوتەی بکەری ڕستەی سەرەکیدا دێت،هاوکات لەڕوانگەی پێکهاتەی زانیاری(ئەو)سەرباره و دەتوانرێ لابرێت.(گۆنا عەمەر،2013: 80)مەبەست لەم دیاردەیەش زیاتر زەقکردنەوە و تیشکۆ خستنەسەر کۆتایی ڕستەیە،بێ ئەوەی واتای هۆشەکی ڕستەکە

بگۆڕێت،بەڵام مەبەستەکەی دەگۆڕێت،وەک چۆن لە نمونەی(14-ب)بەهۆی سەربارکردنی(ئەوە)ئامرازی گەیەنەری(کە)و بکەر و بەرکار هەنگاوێک چونەتە دواوە:

(14)-ئـ-ئاشکرایە،کە زانا پێشبڕکێکە دەباتەوە.

ب-ئەوە ئاشکرایە،کە زانا پێشبڕکێکە دەباتەوە.

**1-1-5-1-4-پێکهاتەی شەقبوو(Cleft Constructions):**

لەڕوانگەی ڕێبازی ئەرکی هاڵیدای بەگشی بنیاتی زمان ڕەنگدانەوەی ئەو ئەرکانەیە، کە بۆی دەستنیشانکراوە.(Jwad,2007:45) لە ئاستی سینتاکسدا چەند ڕێگایەک هەیە بۆ تیشکۆ خستنەسەر بەشەکانی ڕستە،یەکێک لەم ڕێگایانە پێکهاتەی شەقبووە،کە لە ئەنجامی جیاوازی ئەو تیشکۆ یان ئەو هێزەی دەخرێتە سەر بەشێکی ڕستەکە دروستدەبێت و سەرنجی وەرگری ئاڕاستە دەرکرێت . یەکێک لە سودەکانی ئەم پێکاتەیە ئەوەیە،کە هەوڵدەدات لە ڕێگای گۆڕینی ڕیزبوونی کەرستەکان و دابەشکردنی ڕستەکە بۆ دووبەش،بەشێکی ڕستەکە بکاتە ئامانج و تیشکۆی بخاتەسەر،بەمەبەستی جیاکردنەوەی لە بەشەکەی تری ڕستەکە،کە زانیاری زانراوی لەخۆ گرتوە، جا ئەمە لە قسەکردن بێت،یان نوسین، کەواتە((پێکهاتەی شەقبوو ئامرازێکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو بەشەی ڕستە،کە زانیاری نەزانراو دەگەێنێت و تیشکۆی دەخرێتە سەر)).(Hedbreg,1993:119) پێکهاتەی شەقبوو چەند جۆرێکی هەیە،دیارترینیان ئەم دوو جۆرەن:

1-ڕستەی شەقبوو(Cleft Sentence) کە بە(it-cleft)ناسراوە.

2-ڕستەی نیمچە شەقبوو (Pseudo Clefe Sentence)کە بە(wh-cleft)ناسراوە. (Jwad,2007:37)

هەردوو جۆرەکە دەکەونە چوارچێوەی پێکهاتە تیشکۆدارەکانەوە. (Hedbreg,1993:119)پێکهاتەی شەقبوو ڕستەیەکی ئاڵۆزە و دەکرێ بە ڕستەیەکی سادەش گوزارشتی لێبکرێ. هەروەها لەڕوی سیمانتیکیشەوە پێکهاتە شەقبووەکان ڕێنوێنی خوێنەر دەکەن و لە نێو پێکهاتەکان ئاماژە بۆ ئەو بەشە نیشانەکراوە دەکەن،کە زەقکراوەتەوە.(Hedbreg,1990:149)

**1-1-5-1-4-1- ڕستەی شەقبوو(Cleft Sentence):**

ڕستەی شەقبوو لە دووبەش پێکدێت،پێکهاتە شەقکراوەکە گوزارشت لە زانیاری جەختکراو دەکات.لاڕستەی شەقبوو گوزارشت لە زانیاری هاوبەش دەکات.(Hedbreg,1993:119) بەکارهێنانی پێش کاری(بوون)و لاڕستەیەکی گەیەنەر لە ڕستەی شەقبوودا،نەک هەر بۆ جەختکردنەوە و بەهێزکردنی واتای بکەر بەکاردێ،بەڵکو بۆ هەموو کەرستەیەکی تری ڕستە بەرکاربێت یان سەربار، جگە لە کاری ڕستە بەکاردێ.(فەتاح،2013: 17)لە ڕوانگەی ئەرکییەوە "فاوسێت"(Fawcet)و "هونگ"(Huang)ڕستەی شەقبوویان بە باسی تایبەتکراو ناوبردوە.(Jwad,2007:37)ئامانج لە ڕستەی شەقبوو جەختکردنەوەیە لەسەر بەشێکی ڕستە،یان زانیاریەکی نیشانەکراو،کە کەس و کات و شوێن...هتد دەگرێتەوە.(Quirk et al,1985:1384) هەڵبژاردنی لاڕستەی سەرەکی بۆگەیاندنی زانیاری نوێ پشت بە زانیاری هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگر دەبەستێت،کە هاوکات ئەم پێکهاتەیە هێزی سەرەکی ڕستەش وەردەگرێت.لاڕستەی شوێنکەوتووی شەقبووش، کە هەڵگری زانیاری هاوبەشە و مەبەستی ڕستە سەرەکییەکە ڕوندەکاتەوە. هۆکاری پشت شەقبوونی ڕستەکە و جێگۆڕکێی پێکهاتەی زانیاری لەم جۆرە ڕستەیەدا بۆ نیشانەکردنی ئەو بەشەی ڕستەکە دەگەڕێتەوە،کە تیشکۆی دەخرێتە سەر. دەکرێ ئەم دیاردەیە وەکو جۆرێک لە پرۆسەی هێنانە پێشەوەی تیشکۆ لە ڕسەدا سەیربکرێ،بۆ نمونە:

(15)-ئـ-دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی لە ڕێوڕەسمێکدا ڕێزی لە هونەرمەند ئەحمەد سالار گرت (خەبات،25-4،ژ5737)

ب-ئەوە [دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی]خواس/ت بوو،کە[لە ڕێوڕەسمێکدا ڕێزی لە هونەرمەند ئەحمەد سالار گرت]باس.

پ-ئەوە[هونەرمەند ئەحمەد سالار]خواس/ت بوو،کە[دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی لە ڕێوڕەسمێکدا ڕێزی لێگرت]باس.

ت-ئەوە [ڕێوڕسمەکە]خواس/ت بوو،کە[دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی ڕێزی لە هونەرمەند ئەحمەد سالار گرت]باس.

نمونەی (15-ئـ)ڕستەیەکی سادەی بنەڕەتییە و بێ تیشکۆیە،بەڵام نمونەی(15-ب،پ،ت)ڕستەی شەقبوون و لەڕستە بنەڕەتییەکە وەرگیراون،ئەو فرێزانەشی لە لاڕستەی سەرەکیدا لە دوای جێناوی (ئەو)هاتون،هەریەکەیان ئەرکێکی جیاوازی هەیە و نیشانەکراون،ئەم نیشانەکردنەش بۆتە هۆی شەقبوونی ڕستەکە و زەقکردنەوەی ئەم فرێزانە، هاوکات ئەم نیشانەکردنە مەبەست و واتای بابەتی جیاوازیشی بە ڕستەکان بەخشیوە.

**1-1-5-1-4-2- ڕستەی نیمچە شەقبوو( Pseudo Cleft Sentence ):**

ڕستەی نیمچە شەقبوو ڕستەیەکی ئاڵۆزە و دابەشی سەر دوو بەش دەبێت،لاڕستەیەکی تاڕادەیەک سەربەخۆ و لاڕستەیەکی شوێنکەوتووی شەقبووی تیشکۆدار.(Hedbreg,1993:119)لەڕستەی نیمچە شەقبوودا بە پێچەوانەی ڕستەی شەقبوو،کەرتبوونێکی

تەواو لە پێکهاتەی ڕستە شەقکراوەکە ڕوونادات.بەگشتی لەڕستەی نیمچە شەقبوودا زانیاری زانراو لە لاڕستەی سەرەکی دێت و زانیاری نەزانراویش لە لاڕستەی شوێنکەوتوو دێت،کە هەڵگری مەبەستی سەرەکی قسەکەرە،بەڵام ئامرازی(کە)ڕۆڵ ناگێڕێت و نابێتە ئاماژەیەک بۆ هەبوونی شەقبوون.((بەکارهێنانی ڕستەی نیمچە شەقبوو،کە هەمیشە لە زمانی کوردیدا بە(ئەوەی)یان(ئەو کەسە/شتە)دەستپێدەکات و بە ئیزافە بە ڕستەیەکی گەیەنەرەوە دەبەسترێ،ناوە جەختکراوەکەش لە دواوە دێ،بەمەش هێزێکی زیاتری دەکەوێتە سەر)).(فەتاح،2013: 18) هاتنی زانیاری تیشکۆداریش لە دواوە،بۆتە هۆی ئەوەی ئەم پرۆسەیە زیاتر وەکو گواستنەوەی تیشکۆ بۆ کۆتایی ڕستە سەیربکرێت،وەک:

(16)-ئ-فراکسیۆنەکان لەسەر کاراکردنەوە سەرۆکایەتی هەرێم ڕێکەوتن (ک.ن،8-5،ژ7858)

ب-[ئەوەی فراکسیۆنەکان لەسەری ڕێکەوتن]باس، [کارا کردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێم]خواس/ت بوو.

پ-[ئەوانەی لەسەر کاراکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێم ڕێکەوتوون]باس،[فراکسیۆنەکان]خواس/ت بوون.

لێرەدا نموونەی (16-ب،پ)لە نمونەی (16-ئ)سەرچاوەیان گرتوە،نیشانەکردنی بەشێک لە لاڕستەی شوێنکەوتووی ڕستەکان،بۆتە هۆی دروستبوونی نیمچە شەقبوونێک لە پێکهاتەی ڕستەکان و زەقکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە بەو هۆیەوە تشکۆیان دەکەوێتە سەر.هەر ئەمەشە وا دەکات،هەر ڕستەیێک بۆ بارێکی تایبەت بەکاربێت و ببێتە وەڵام بۆ پرسیارێکی دیاریکراو و مەبەست و واتایەکی بابەتی دیاریکراویش بگەیێنێت.

هەروەک چۆن ڕستەی نیمچە شەقبوو لە ڕستەیەکی هەواڵدان دروستدەکرێ،دەکرێ لە وەڵامی ڕستەیەکی پرسیاریش دروست بکرێ،وەک:

(17)-ئ-[چیت دەوێت]باس؟

ب-[ئەوەی من دەمەوێ]باس، [ئازادییە]خواس/ت.

**5-1-5-1-1-بکەر نادیاری(Passive):**

بەشێوەیەکی سادە بکەر نادیار بریتییە لە بەرزکردنەوەی بەرکاری بکەر دیار بۆ بکەری بکەر نادیار. بکەر نادیار بەکاردێت بۆ ئەوەی تیشکۆ زیاتر بخرێتە سەر کردارەکە نەوەک بکەر،چونکە کردارەکە گرنگترە. بەگشتی لە بکەر دیاردا زانیارییەکان نیشانە نەکراون،بەڵام لە بکەر نادیاردا نیشانە کراون.(Jwad,2007:53) ((هەمیشە وا هەست دەکەین، کە ڕستەی بکەر دیار وبکەر نادیار لەڕووی واتاوە جیاوازن،بەڵام بە پێچەوانەوە لە ڕوی چەمکەوە(هۆشەکی)وەک یەکن))(Leech,1974: 22) بەڵام واتای بابەتیان جیاوازە."یەسپرسن" هۆکاری بکەر نادیاری بۆ ناسراوی، یان نەناسراوی بکەر،یان قەدەغەبوونی ناوهێنانی بکەر،یان سەرنج خستنەسەر بەرکار دەگێڕێتەوە.(Jwad,2007:57)بکەر نادیار لە زمانی کوردیدا وەکو ستراتیژێک بۆ گۆڕینی ڕیزبەندی کەرستەکان سودی لێوەردەگیرێت،بۆیە دەکرێ واتای بابەتی لە ڕستەی بکەر نادیاردا بەدەست بێت لە ڕێگای لادانی بکەر و باساندنی بەرکارەوە(بکەری ڕێزمانی)،وەک:

(18)-[کرێکارەکە]باس [دیوارەکەی تێکدا]خواس.

(19)-[دیوارەکە]باس [تێکدرا]خواس.

ئەم دوو ڕستەی سەرەوە واتای بابەتیان جیاوازە،چونکە لە دەوروبەری جیاواز بەکاردێن،نمونەی(18)ڕستەیەکی بکەر دیارە و وەڵامی پرسیاری(کرێکارەکە چی کرد؟)دەداتەوە،بەڵام نمونەی(19)کە بکەر نادیارە و وەڵامی پرسیاری(دیوارەکە چی لێهات؟)دەداتەوە.

بەڵام کاتێ بکەر نادیار لە جۆری درێژکراوە بوو،واتە لە شوێنێکی تری ناو ڕستەکە هەست بە بوونی بکرێت،بەهۆی هەندێ پێشبەند(بە،لە بۆ،....هتد)یان دەستەواژەی(لەلایەن......ەوە،لەڕێگەی.....ەوە،...هتد)،ئەو کاتە دەتوانرێ دەستکاری ڕیزبوونی کەرستەکانی ڕستە بکرێت و بەپێی مەبەست جگە لە بەرکار تیشکۆ بخرێتە سەر کەرستەکانی تری وەک:(بەرکاری ناڕاستەوخۆ،شوێن،ئامراز،کات...هتد).ئەوەی جێگای ئاماژەیە لە پێکهاتەی بکەر نادیاری درێژکراوەدا،جگە لە پێکهاتەی سینتاکسی کردارەکە،ڕیزبوونی لۆجیکی کەرستەکانی ڕستە و(Quirk et al,1985:159-160) ڕۆڵی سینتاکسییان و واتای بابەتی ڕستەکە دەگۆڕێت،بەڵام ڕۆڵی سیمانتیکی کەرستەکان ناگۆڕێت.(Jwad,2007:53)بۆنمونە:

(20)-ئ-[سەرۆک کۆمار]باس [زنجیرەیەک کۆبوونەوە لە هەولێر دەکات]خواس (ک.ن،18-9،ژ7962)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بکەر | بەرکار | ئاوەڵکار | کردار ______(ڕۆڵی سینتاکسی) | |
| کارا | کارتێکراو | شوێن | گوزارە______(ڕۆڵی سیمانتیکی) | |

ب-[زنجیرەیەک کۆبوونەوە]باس [لەهەولێر دەکرێ لەلایەن سەرۆک کۆمار ]خواس.

بکەر ئاوەڵکار کردار بەرکار ______(ڕۆڵی سینتاکسی)
کارتێکراو شوێن گوزارە کارا ______(ڕۆڵی سیمانتیکی)

هەرچەندە ئەم مانشێتانەی سەرەوە واتای هۆشەکییان یەکە،بەڵام واتای بابەتییان جیاوازە،چونکە لەڕووی ڕیزکردنی کەرستەکان و حاڵەتی سینتاکسی و مەبەستەوە جیاوازن و لە هەر نمونەیەکدا بەشێکی ڕستەکە بۆتە جێگای بایەخی نێرەر و جەختی لەسەر کراوەتەوە.

**1-1-5-1-6- کرتاندنی واتایی:**

کرتاندن لابردنی کەرستەیەک یان زیاترە،بەمەرجێک کار لە واتا و داڕشتن نەکات.(دردونة،2017 :41)واتە نابێ کورتبڕی یان کرتاندن لەسەر حسابی واتا بێت.(الوشن،2006: 65)لەبەر ئەوەی زانیاری کۆن زۆر گرنگ نییە،بۆیە زۆر جار لە ڕستەدا دەکرتێندرێت،ئەمەش بۆ ئەوەی زانیاری نوێ باشتر دەربکەوێ.(قادر،2009: 155)بۆ نمونە زۆر جار کرتاندنی ڕێزمانی کەرستەکانی(بکەر،بەرکار،کردار،ئامرازی گەیەنەری(کە)...)بە مەبەستی کورتبڕی و جەختکردنەوە لەسەر زانیاری نەزانراو لە ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆزدا پیادە دەکرێت،ئەم جۆرەیان لە مانشێتیش بەدی دەکرێت،وەک کرتاندنی بکەری ڕستەی دووەم لە نمونەی(21):

(21)-بەهار درەنگ کەوت... بەڵام هەر هات (ک.ن،3-5،ژ7854)

بەڵام کرتاندنی واتایی لەو دەربڕینە بڵاوانەی کە بەکارهێنانیان زۆرە وەک :ئیدیەم و پەندی پێشینان و هەندێ گوتنی باو بەرچاو دەکەوێ،کە لە ڕستەکانی پێشتر کەرستەی بنجی بەدی ناکرێ،کەرستە کرتاوەکەش لە چوارچێوەی قسەکردنەکە و زانیاری پێشینەی قسەکەر و گوێگر لەسەر یەکتر هەڵدەهێنجرێ .(توفیق،2002: 197)لە ڕۆنانی مانشێتیشدا کرتاندنی لەم جۆرە بەدی دەکرێت،کە بریتییە لە کرتاندنی کرداری سەرەکی لەو مانشێتانەی لە شێوەی فرێزی ناوی، یان ڕستەی ناتەواو دان .ئەم جۆرە کردتاندنە لێڵی واتایی لای وەرگر لێدەکەوێتەوە،ئەمەش تەنها بە گەڕانەوە بۆ ناوەڕۆکی هەواڵەکە ڕوندەبێتەوە.ئامانج لەم جۆرە کرتاندنە زەقکردنەوە و تیشکۆ خستنەسەر تەواوی مانشێتەکەیە،تا بەو هۆیەوە سەرنجی وەرگر بۆ خوێندنەوەی ناوەڕۆکی هەواڵەکە ڕابکێشرێت.ئەم جۆرە مانشێتانە زانیاری پێویست پێشکێش بەوەرگر ناکەن،بۆیە لەڕووی واتاوە زیاتر لە ئەگەرێک هەڵدەگرن و تەنها (خواس)یان تێدایە،(باس)یان تێدا کرتێندراوە،لەم دۆخەدا هەموو زانیاریەکانی ناو مانشێتەکە دەبن بە زانیاری نەزانراو، ،وەک:

(22)-[ئێسک و پروسکی نەتەوەیەک لە سەحرادا]خواس (ک.ن،26-7،ژ7842)

(23)-["شەراکەتی راستەقینە و حکومەتێکی بەهێز"]خواس (ك.ن،27-1،ژ7774)

**1-1-5-1-7-لاڕستەی دیارخەری(Relative Clauses):**

لاڕستەی دیارخەری ئەو لاڕستەیە،کە تێهەڵکێشی لاڕستەی سەرەکی ڕستەی ئاڵۆز دەبێت و سەرەی فرێزی ناوی ڕستە سەرەکییەکە وەسفدەکات.(Fattah,1997:253)لەم بارەدا لاڕستەی دیارخەری جەخت لەسەر گرێی ناوی(بکەر)لاڕستەی سەرەکی دەکاتەوە و دەیخاتە حاڵەتی تیشکۆوە.(قادر،2008: 152)دەکرێ ئەم دیاردەیەش بە جۆرێک لە تەکنیکی هێنانە پێشەوەی تیشکۆ لە ڕستەی ئاڵۆز دابنرێت.مەبەست لە هێنانە پێشەوەی تیشکۆ(Focus Preposing)نیشانەکردن و تیشکۆ خستنەسەر زانیاریەکی دیاریکراوە.ئەو زانیارییە بەر لەهەموو شتێک لەمێشکی ئاخێوەردا دەبێتە تەوەرەیەک هەموو ڕستەکە بەدەوریدا دەسوڕێتەوە و لەبارەیەوە دەدوێ.(فەتاح،2010: 341) لە نوسیندا نوسەر هەوڵدەدات،ئەو پێکهاتەی تیشکۆداری کردوە ،بیخاتە سەرەتای ڕستە و کرداری هێنانە پێشەوەی تیشکۆی بەسەردا جێبەجێ بکات.(محمد،2014: 41)وەک:

(24)-[هەمبانەبۆرینە]ت ،کە فەرهەنگێکی کوردیە،بەسودە.

**1-1-5-1-8- جیاوازی(Contrast):**

زانیارییەک کاتێک جیاواز دەبێت،کە بەرهەڵستی یان دژایەتی زانیاریەکی تر،یان بوونێکی تر بکات،یان لە کۆمەڵە قەوارەیەکی گەورەتر وەرگیرابێت.(سەرچاوەی پێشو،2014: 47- 48) دەشێت لە ڕستەی لێکدراودا زانیاریەک یان فرێزێک جیاوازی لە هەمان ڕستەدا دروستبکات،ئەگەر بەیەکێک لەم وشانە(تەنها،بەڵام،لەگەڵ ئەوەشدا،....)نیشانە کرابێت و هێزێکی تایبەتی خرابێتە سەر،وەک:

(25)-ئـ-ژیاوە هەموو هاوڕێکانی خۆش دەوێت،تەنها[ لانە]ت نەبێت.

ب-من حەزم لە یاری تۆپی پێ نییە،بەڵام [وەرزش]ت دەکەم.

لە نمونەی(25-ئـ)دا (لانە)جیاوازە بەرامبەر(هەموو هاوڕێکانی تر)،چونکە بە وشەی(تەنها)نیشانەکراوە و هێزێکی زیاتری خراوەتە سەر.هەروەها لە نمونەی(25-ب)دا بەهۆی نیشانەکردنی فرێزی(وەرزش)بە وشەی(بەڵام)دوو حاڵەتی جیاواز لە ڕستەکەدا

دروستبووە.ئەم شێوازە دەربڕینانە جەختکردنە لەسەر کۆتایی ڕستە و بەشێوەیەکی بەربڵاو لە بواری ڕۆژنامەنوسیدا بەکاردێت،کە سەرەتای ڕستەکە بۆ ئامادەکردنی سەرنجی گوێگر بۆ کۆتایی ڕستەکە بەکاردێت.

**1-1-5-2-تیشکۆ(Focus):**

تشکۆ(جەختکردن) یەکێکە لەمیکانزمەکانی بەدەستهێنانی واتای بابەتی لە ڕستە یان مانشێتدا.باکگڕاوند و تیشکۆ(backgraund&focus)دوانەی سەرەکی پێکهاتەی زانیارین لە ڕستە و گوتندا.((مەبەست لە باکگڕاوند یان پێشگریمانە ئەو کەرستەیە،کە زانیاری زانراوی لەخۆ گرتووە)).(Manfred,2008:248)تیشکۆش تەواوکەری باکگڕاوندە،( Lambrecht,1994: 206).تیشکۆ دەستنیشانکردنی ڕەگەزێک یان زیاتری ڕستەیەک،یان گوتنێکە وەک گرنگترین و نوێترین زانیاری ئەو ڕستە و گوتنە.( قادر،2009: 149)یاخود تیشکۆ پۆلێنکردن یان تایبەتمەندییەکی ڕێزمانییە،ئەوە دەیاریدەکات کە بەشێک لە ئاخاوتنەکە بەشداری دەکات لە زانیاری نوێ.(Halliday,1967:203)کەواتە تشکۆ بریتییە لەوەی کە نێرەر لە مێشکی خۆیدا کەرستەیەک لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆی دەردەهێنێ و لۆجیکیانە دەیکا بە یەکەم پێکهاتەی سەرەتای ڕۆنانی ڕستەکە،بەهۆی ئەو هێزی جەختکردنەی دەیخاتە سەر پێکهاتەکە،ئەمەش بۆ زیاتر چالاککردنی واتای ئەو پێکهاتەیە و ئەو زانیارییەی هەڵیگرتوە،کە نێرەر مەبەستیەتی بە زەقی بگاتە وەرگر.(قادر،2008: 130) یاخود شێوازێکە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکاردێت،بەمەبەستی زیاتر زەقکردنەوەی زانیارییەکان و دڵنیاکردنەوەی کەسی بەرامبەر،(محمد،2010: 36)تا گومانەکانی وەرگر بڕەوێنێتەوە.هاوکات(( گۆڕینی تیشکۆ لەسەر کەرستەکانی ڕستە گۆڕانی واتاشی لێدەکەوێتەوە)).(Leech,1974: 22)دەرکەوتنی تیشکۆ لەسەر هەر کەرستەیەك جێگەی پرۆسەی باسمەند دەگرێ تەوە لە ڕستە و ئاخاوتندا.(قادر،2008: 128)تیشکۆ پشت بە دەوروبەر دەبەستێت،چونکە نێرەر لە ڕوانگەی گریمانەی پێشینەوە تیشکۆ دەخاتە سەر کەرستەیەک،کە زانیاری نەزانراو دەگەێنێت.تیشکۆ بۆ پاڵپشتی واتایە،جەختکردنەوەیە لەسەر چەسپاندنی واتای مەبەست و ڕەتکردنەوەی دژەکانی.

بەگشتی دەکرێ دوانەی پرسیار و وەڵامدانەوە وەکو ئامرازێک بۆ نیشانەکردنی تیشکۆ بەکاربهێنرێن،چونکە ڕستەی پرسیار زانیاری زانراو لەخۆدەگرێ،وەڵامدانەوەش زانیاری نەزانراو ،واتە لێرەدا گوێگر سەرچاوەی زانیارییە،بۆنمونە:

(26)-ئ-چیت بۆ هاوڕێ نارد؟

ب-[پەرتووکێکم]خواس/ت   [بۆ هاوڕێ نارد] باس.

**1-1-5-2-1-بوار و جۆرەکانی تیشکۆ:**

"لامبرێچت" لە ڕوی بوارەوە تیشکۆی بۆ مەودا تەسک و مەودا فراوان دابەشکردوە،تیشکۆی مەودا تەسک یەکێک لە ئارگۆمێنتەکانی ڕستە دەگرێتەوە،تیشکۆی مەودا فراوانیش کاتێ ڕودەدات،کە هەموو فرێزی کرداری،یان هەموو ڕستەکە زانیاری نوێ ببەخشن.هەروەها بەگوێرەی پەیوەندی نێوان باکگڕاوند(تۆپیک)و تیشکۆ(کۆمێنت)سێ جۆر تیشکۆی لەیەکتر جیاکردۆتەوە:

1-تیشکۆی ئارگۆمێنت:کە تیشکۆی مەودا تەسکیشی پێدەوترێت،لێرەدا بواری تیشکۆ لە تەنها پێکهاتەیەکی نیشانەکراو پێکدێت،کە دەشێ ئەو پێکهاتەیە فرێزی ناوی(بکەر) بێت.واتە ڕستە بە زانیاری نوێ دەست پێدەکات و بە زانیاری هاوبەش کۆتایی دێت،وەک نمونەی(27-ب):

(27)-ئ-بیستم ماتۆڕسکیلەکەت شکاوە؟

ب-[ئۆتۆمبیلەکەم]ت   شکاوە.

2-تیشکۆی کردار:ئەم جۆرە تیشکۆیە نیشانە نەکراوە،دەکەوێتە سەر فرێزی کردار،لەو ڕستانەی کەرستەکانیان بەشێوەیەکی ئاسایی ڕیزکراون و بکەر زانیاری هاوبەش و کرداریش زانیاری نوێ دەگەیەنێت،وەک:

(28)-ئ- ئۆتۆمبیلەکەت چی بەسەر هاتووە؟

ب-ئۆتۆمبێلەکەم   [شکاوە]ت.

رستەی(28-ب)بواری تیشکۆی مەودا فراوانە،جۆرەکەی تیشکۆکەی فرێزی کردارە،بەڵام لەبەر ئەوەی کرداری ڕستەکە تێنەپەڕە،تەنها کردارەکە تیشکۆدارە.

3-تیشکۆی ڕستە:لەم جۆرە تیشکۆیەدا،کە تیشکۆی مەودا فراوانیشی پێدەڵێن،پێکهاتەی تیشکۆ هەردوو بەشەکەی زانیاری(بکەر+کردار)دەگرێتەوە،بەم پێیە هەردوو بەشکە نەزانراون و ڕستەکە باسی تێدا نییە،وەک:

(29)-ئ-چی ڕویداوە؟

ب-[ئۆتۆمبیلەکەم شکاوە ]ت.   (Lambrecht,1994: 222-224)

هەر لەم بارەوە "گوندڵ" پێیوایە هەموو ڕستەیەک خاوەنی جەختکردنی سیمانتیکییە، ئەم جۆرە جەختکردنەوەیە لەڕوی زمانەوانییەوە لە ڕێگای ئاوازەی دەنگ و ڕێزکردنی وشەکان و هەندێ لایەنی تری سینتاکسی،یان لە ڕێگەی تێکەڵکردنی یەکێک لەم میکانزمانە لەگەڵ ئاوازەی دەنگ،کە زیاتر باوە جیادەکرێتەوە.(Manfred, 2008:249)بۆیە لە زمان بەگشتی و لە زمانی کوردیدا بەتایبەتی بۆ دروستکردنی تیشکۆ و زەقکردنەوەی مەبەستی دەربڕینەکە سێ ڕێگا بەکاردێت،لە هەر ڕێگایەکدا چەند شێوازێکی جیاواز بەکاردەهێنرێت،ئەم ڕێگایانە پەیوەستن بە یاسا فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکانی زمانی کوردی،کە بەهۆیانەوە سێ دروستەی باسمەندی لۆجیکی بەرهەم دێن،(قادر،2008: 133)بەم شێوانەی خوارەوە:

**1-1-5-2-2-نیشانەکردنی تیشکۆ لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا:**

لێرەدا لەبری ڕۆنانی سینتاکسی و فەرهەنگی دەکرێ تیشکۆ لە ڕێگای فۆنیمە ناکەرتیەکان( هێز و ئاواز)ەوە فۆنۆلۆژیانە نیشانە بکرێت ،کە خۆی لە قورسکردن و بەرزی و نزمی ئاوازەی دەربڕین لە قسەکردندا دەبینێتەوە،بەم شێوانەی خوارەوە:

**1-1-5-2-2-1- هێز(Stress):**

هێز ئەو پاڵەپەستۆیەیە،کە قسەکەر لە کاتی قسەکردندا دەیخاتە سەر وشەیەکی دیاریکراو بۆ ئەوەی زەقی بکاتەوە و ڕونی بکاتەوە.(لوشن،2006: 74)نیشانەکردنی تیشکۆ بەهۆی هێزی بەمەبەست(بەرامبەر) بەشێکی زۆر لەواتای ڕستەکان ڕوندەکاتەوە.هێز بەخشینی کاریگەرییە بە یەکێک لە پێکهاتەکانی ڕستە.((گۆڕینی شوێنی هێز گۆڕینی واتای لێدەکەوێتەوە...،هێزی بەرامبەری کە هەندێک هێزی جەختکردنی پێدەڵێن...،ئەو هێزە سەرەکییەیە،کە دەشێ بەگوێرەی مەبەستی نێرەر بخرێتە سەر هەر وشەیەک لە ڕستەدا بەمەبەستی جەختکردنەوە لەسەر وشەکە و نەفیکردنی دژەکانی،کە ڕەنگە هەبێت)).(خولی،2000: 47-48)ئەمەش وادەکات لە هەر ڕستەیەکدا یەک هێزی سەرەکی هەبێت،ئەویش دەکەوێتە سەر ئەو وشەی کەوا نێرەر مەبەستی بێت،جا ئەو وشەیە لەهەر شوێنێکی ڕستە بێت.((لە ڕستەی سادەی فراوانکراودا هێز بە بەپێی مەبەستی نێرەر دەگۆڕێ،بێەوێ تیشکۆ بخاتە سەر کام وشە دەتوانێ هێزی سەرەکی ڕستەی بخاتە سەر و مەبەستەکەی خۆی بە وردی ئاڕاستەی وەرگر بکا)).(موسا،2009: 75)وەک:

(30)-ئـ- کورد تانە لە یاسای هەڵبژاردنەکان دەدات (ک.ن،30-12،ژ 8050)

ب-[کورد]ت تانە لە یاسای هەڵبژاردنەکان دەدات. (کێ تانە لەیاسای هەڵبژاردنەکان دەدات؟)

پ-کورد [تانە]ت لە یاسای هەڵبژاردنەکان دەدات. (کورد چ لەیاسای هەڵبژاردنەکان دەدات؟)

ت-کورد تانە لە [یاسای هەڵبژاردنەکان]ت دەدات. (کورد تانە لە چی دەدات؟)

ج-کورد [تانە لە یاسای هەڵبژاردنەکان دەدات]ت. (کورد چی دەکات؟)

نمونەکانی(30-ب،پ،ت،ج) گوزارشت لەیەک ناوەڕۆک دەکەن،بەڵام بەکارهێنان و گواستنەوەی هێز لەسەر بەشەکانی مانشێتەکان،وایکردوە لە ڕوی مەبەست و ئەرک و واتای بابەتییەوە جیاوازبن،چونکە لە هەر مانشێتێکدا یەکێک لە کەرستەکان بۆتە جێگای بایەخی نێرەر و هێزی سەرەکی خستۆتە سەر.جگە لەمە هەندێجاریش دانانی هێز لەسەر کەرستەیەک دەبێتە هۆی دوپاتکردنەوە لەسەر لایەنێکی ڕوداوەکە و ڕەتکردنەوەی دژەکانی،وەک:

(31)- لـەدوای خەباتی شاخـەوە

یەکێتی یەکەم داهێنەری خەباتی مەدەنیش بوو (ک.ن،7-12،ژ8030)

دانانی هێزی سەرەکی لەسەر وشەی(لەدوای) لە نمونەی(31)دا،جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە (یەکێتی لەسەردەمی خەباتی شار خەباتی مەدەنی داهێناوە،نەک لە سەردەمی شاخ).ئەمەش ڕەتکردنەوەی قۆناغی شاخە.((یان لە ڕستەی نەرێدا گۆڕانی هێز لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکی تر دەبێتە هۆی گۆڕانی واتاو مەبەستی ڕستەکە)).(عەلی،1998: 43)وەک:

(32)-نێچیرڤان بارزانی:لەم مانگەدا پاشەکەوتی مووچە نامێنێت (خەبات،10-3،ژ5709)

لە نمونەی(32)دەکرێ گواستنەوەی هێز مەبەستی جیاواز بگەیێنێ،وەک:

1-ئەگەر هێز لەسەر ئامرازی(لەم...ە)بێت،واتە تەنیا ئەو مانگە پاشەکەوتی مووچە نامێنێ،هاوکات جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە پێشتر پاشەکەوت هەبووە.

2-ئەگەر هێز لەسەر وشەی(نامێنێت)بێت،واتە بەیەکجاری پاشەکەوتی مووچە نامێنێت.

**1-1-5-2-2-2-ئاواز(Intonation):**

مەبەست لە ئاواز بەزربوونەوە و نزمبوونەوەی پلەی دەنگە لە سەرەتا،یان پێش کۆتایی،یان لە کۆتایی گوتندا. (عەلی،2014: 230)گۆڕینی ئاوازی ڕستە بە ڕێگەیەکی تری بەدەستهێنانی واتای بابەتی دادەنرێت.چونکە((ئاواز بۆ دەربڕینی چەندین واتای ورد لە

ئاخاوتندا بەکاردێت)).(ویدۆوسن،2008: 69)زۆر جاریش قسەکەر مەبەستی گوتنەکانی لەڕوی پڕاگماتیکەوە لە ئاستی ئاوازەدا بەرجەستە دەکات،بە تایبەتیش لە دیاریکردنی جۆرەکانی کردە قسەیەکاندا.(عەلی،2014: 248)بۆیە لەو ڕستانەی کە بەبێ ئامرازی پرس یان سەرسوڕمان بەرهەمدێن،بەهۆی سیاقی دەربڕینەوە جەختکردن لەسەر کەرستەیەک دەردەکەوێت.(محەمەد،2010: 35)لەم ڕووەوە گۆڕینی لەرینەوەی ژێکان دەبنە هۆی گۆڕانی ئاوازەی ڕستە،هەر ئاوازەیەکیش واتایەکی جیا بە ڕستە دەبەخشێ...،تەنانەت هەڵوێست و مەبەستی شاراوە و باری دەرونی قسەکەریش بەهۆی ئاوازی ڕستەکەوە دەزانرێ و ئاشکرا دەبێ.(ئەمین،2004: 289 -290) کەواتە قسەکەر بەمەبەست ئاواز بەکاردێنێ بۆ ئەوەی جەخت لەسەر بەشێکی گوتنەکەی بکات،کە جێگەی بایەخ پێدانیەتی و مەبەستیەتی سەرنجی وەرگری پێ ڕابکێشێ،بەو پێیەی زانیاری نوێ پێشکەش دەکات،بەم جۆرە یەکێک لە ئەرکەکانی ئاواز جیاکردنەوەی زانیاری کۆن و نوێ دەبێت.(عەلی،2014: 236)جگە لەمانە ئاواز لە ڕستەدا ئەم ئەرکانەش دەبینێ:

1-بەشدارە لە ڕۆنانی ناوەڕۆکی ئەو زانیاریانەی کە لە ڕستەدا مەبەستە.

2-ئەرک و ڕۆڵی لە جیاکردنەوەی جۆرەکانی ڕستەدا دەبێت،وەک:(پرسیارکردن،هەواڵگەیاندن...هتد)

3-پێشبینی هەست و سۆزی قسەکەر دەکات،وەک:تورەیی،دوو دڵی،گومان،بێزاری...هتد،ئەم واتایانە سەرباری ئەو واتایانەن،کە وشەکان و ڕۆنانی ڕێزمانی هەڵیاندەگرن.(Fattah,1997:61-62)بەکورتی ئاواز لەسەر ئەو وشانە بەرزدەبێتەوە کە هێزیان دەخرێتە سەر و زانیاری نوێن.ئاواز جگە لەوەی جۆری ڕستە و مەبەست و واتاکەی دیاریدەکات، شوێنی هێزیش دیاری دەکات،گۆڕینی ئاواز لە پێکهاتەیەکەوە بۆ پێکهاتەیەکی تری ڕستە زانیاری جیاواز و واتای جیاوازی لێدەکەوێتەوە. ((پلەی ئاواز دەوەستێتە سەر ژمارەی لەرینەوەی دەنگەژێکان لە چرکەیەکدا)).(الخولی،2000: 48-49)لەم ڕووەوە ئاوازەی جۆرەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیەی خوارەوە دیاریکراوە.(عەلی،2014: 255)

(33)-ئ-ئارام هەموو پارەکەی خەرجکرد. (ئاوازی دەربڕینی ڕستەکە کەوتە)

ب-[ئارام]ت هەموو پارەکەی خەرجکرد؟ (ئاوازی دەربڕینی ڕستەکە بەرز- هەڵسە)

پ -ئارام [هەموو پارەکەی]ت خەرجکرد! (ئاوازی دەربڕینی ڕستەکە هەڵس-کەوتە)

ت- هەموو پارەکە [خەرج نەکەیت]ت. (ئاوازی دەربڕینی رستەکە کەوت- هەڵسە)

بە وردبوونەوە لە نمونەکانی سەرەوە ئەوە دەردەکەوێت،کە جگە لە نمونەی(33-ئ)کە ڕستەیەکی هەواڵگەیاندنی ئاساییە و ئاوازەکەی ئاسۆییە،نموونەکانی تر بەهۆی گۆڕینی ئاواز لەسەر پێکهاتەکانی ڕستەکە ،واتای ڕستەکە گۆڕاوە ،بۆیە هەر ڕستەیەک زانیاریەکی جیاواز دەگەیێنێت و دەبێتە وەڵام بۆ پرسیارێکی جیاواز لەوانی تر.

**1-1-5-2-3-نیشانەکردنی تیشکۆ لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا:**

ئەگەرچی لە هەندێ زماندا مۆرفۆلۆژی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ڕونکردنەوەی زانیاریەکان،بەڵام لە زمانی کوردیدا هیچ پارتیکڵێکی تایبەت بەو بوارە نییە،لە بەرامبەر ئەوەدا چەند وشەو پارتیکڵێک هەن وەک ئامرازێک لە نیشانەکردنی زانیاری نوێ ڕۆڵدەبینن،کە واتای جەختکردن دەبەخشن بەو پێکهاتەی لە پێش،یان لە دوایانەوە دێن لە ڕستەدا،بۆیە بەگشتی ئەم جۆرە تیشکۆیە ئارگۆمێنتییە و دەخرێتە سەر یەکێک لە پێکهاتەکانی ڕستە.جگە لەمانەش((پارتیکڵەکانی تیشکۆ ئازادن و شوێنێکی دیاریکراویان نییە لەڕستەدا،لەگەڵ هەر پاش و پێشکردنێک پەیوەست بوونێکی سیمانتیکی تر وەردەگرن)).(عەبدوڵڵا،2013: 58)وشە و پارتیکڵەکانیش بریتین لە:

**1-1-5-2-3-1- دیارخەرەکان:**لە زمانی کوردیدا کەرستەی زۆر هەن کە ڕۆڵی دیارخەری ناو دەگێڕن و دەکەونە پێش یا دوای سەرەی فرێزی ناوی و جەخت لەسەر واتاکەی دەکانەوە ،ئەو کەرستانەش کە دەبنە دیارخەری سەرە و تیشکۆ لەسەر دیارخراوەکان دروست دەکەن،بریتین لە:(جێناوی خۆیی ،ئامرازی پرس و نیشانە،ڕادە،ژمارە،ئاوەڵناوی چۆنیەتی و پلەی بەراورد و باڵا،پارتیکڵی هەر و تەنیا،...هتد).( محەمەد،2010: 32)وەک:

(34)-ئ- فازڵ میرانی بۆ (العربیە):

کورد[ مافی]ت خۆیەتی لەسەر [خاکی]ت خۆی دەوڵەتی هەبێت (خەبات،6-1،ژ5665).

ب- لە هەر [هەموارێکی دەستووردا ]ت دەبێت سیستەمی فیدڕاڵی و ماف و

تایبەتمەندییەكانی هەرێمی كوردستان و قەوارە دەستووریەكەی پارێزراوبن (خەبات،6-11،ژ5865)

پ- حەوت [پرۆژەی]ت فڕاكسیۆنی سەوز ئامادەیە (ك.ن،4-9،ژ 7950)

ت-[كابینەی]ت نۆیەم [كابینەیەكی]ت بەهێز دەبێت و پشتیوانییەكی سیاسی دەبێت (خەبات،9-7 ،ژ5785)

ج-سەرۆك بارزانی:بە هەموو [توانایەك]ت پشتگیری لە نێچیرڤان بارزانی دەكەم (خەبات،11-6،ژ5765)

هەروەها وشەی(خود)یش یەكێكە لەو كەرستانەی لەپێش ناو دێت و جەختی لەسەر دەكاتەوە.(قادر،2008: 139-141)وەك:

(35)- خودی [فڕاكسیۆنەكان]ت لەسەر كاراكردنەوەی سەرۆكایەتی هەرێم ڕێكەوتن.

**1-1-5-2-3-2- وشـــەكانی ســــوێند خــــواردن:** زۆربەی وشـــەكانی ســـوێند خواردن(بەخودا،وەڵلا،بەشەرەفم،بەســـەری تۆ،بەقورئان...هتد)،جەخت لەسەر واتای كەرستەكانی دوای خۆیان دەكەن.( قادر،2008: 146)وەك:

(36)-بەقورئان [بڕیارەكە]ت دەستكاری ناكرێ.

**1-1-5-2-3-3-ئـامراز:**بـۆ نمـونە ئامرازەكـانی نەرێكردن،وەك:(كەس،هیچ،قەت،هەرگیز،نەخێر،نە،نا...هـتد)جگە لەوەی لە زمـانی كوردیدا بۆ نەرێكردن بەكاردێن،واتـای جەختكـردنیش دەگەیەنن.هەروەهـا ئامرازەكـانی(نەك،نەوەك)كە لەڕسـتەی ئـاڵۆز بەكـاردێن ،تیشـــكۆ دەخەنە ســـەر تەواوی ئەو ڕســـتەیەی كە لە دوایـــانەوە دێت.(محمـــد،2010: 30)هاوكـــات ئـــامرازی لێكدەری(بەڵام،یان...هتد)،ئامرازی گەیەنەری (ئەگەر،با...هتد)لە ڕستەدا هەمان ئەرك دەبینن،وەك:

(37)-ئ-بەهیچ [شێوەیەك]ت پارتی هۆكاری دواكەوتنی حكومەت نییە (خەبات،21-4،ژ5733)

ب-بارزانی نەمر:ئەگەر [دەست بە شەڕ بكەینەوە]ت ،با [شەڕ لە پێناو كەركووك و خانەقین و شنگال بێت]ت،نەك [بەهۆی ژیانی منەوە]ت (خەبات،29-9،ژ 5837)

پ-فەرماندەیەكی پێشمەرگە:با [هاوڵاتیان لە ئارامی سنووری كوڵەجۆ دڵنیابن]ت (خەبات،30-12،ژ5901)

ت-بەهار درەنگ كەوت... بەڵام هەر[ هات]ت (ك.ن،3-5،ژ7854)

**1-1-5-2-3-4- پێشگر:**پێشگری(هەڵ،دا،ڕا...هتد)دەچنە سەر كردار و دەبنە هۆی جەختكردنەوە لە كـردەی كردارەكە،(قـادر،2008: 146)وەك:

(38)-مـــانگرتنی گشـــتی لە فەرمـــانگە حكوومییەكـــانی چـــوار شـــاری ناوەڕاســـت و باشـــووری عێـــراق [ ڕاگەیەنـــرا]ت (خەبات،18-11،ژ5773)

**1-1-5-2-3-5- پارتیكـــــــڵ:**هەنـــــدێ لـــــە پارتیكڵـــــەكانی وەك:(دیسانەوە،هەمیشـــــە، ،هێشـــــتا، ،تەنانەت،هەڵبەت،هەروەها،بێگومان،سەبارەت،لەبارەی...)دەبنە هۆی تیشكۆداركردنی واتای ئەو كەرستەیەی لەدوایان دێت،وەك:

(39)-ئ-مەڵبەندی كەركوك:هەمیشە [كەركوك]ت بە قودسی كوردستان دەمێنێتەوە (ك.ن،13-5،ژ 7862)

ب-مەڵبەندی كەركوك:هەروەها/تەنانەت [كەركوك]ت بە قودسی كوردستانیش دەمێنێتەوە.

نمونەی(39- ئ)ئەوە دەگەیێنێت كە (كەركوك تەنها قودسی كوردسـتانە،نەك شـتێكی تـر)،بەڵام نمـونەی(39-ب)واتە (واتە كەركـوك جگە لە قودسی كوردستان،ڕەنگە شتی تریش بێت)..

**1-1-5-2-3-6-مۆرفیمی نەناسراوی:**بەكارهێنانی مۆرفیمی ناسراوی ئامـاژە بە نـاوێكی دیـاریكراو دەكـات،كە گـریمانە دەكـرێ هەم نێـرەر و هەم وەرگـر بیناسـن. (ویدۆوسـن،2008: 98) بەڵام بـوونی مـۆرفیمی نەنـاسراوی مانـای ئەوەیە كە گـوێگر شـتەكە ناناسێت.(محەمەد،2010ب: 87)بۆیە ناوە نەناسراوەكە دەبێتە زانیاری نەزانراو و تیشكۆی دەخرێتە سەر،وەك:

(40)-[توونێلێك]ت ئەوسەری دیار نییە! (ك.ن،23-11،ژ 8018)

**1-1-5-2-3-7-مۆرفیمی(ش):**یەكێك لە ئەركەكانی ئەم مۆرفیمە جەختكردنەوەیە لەسەر ئەو كەرستەی كە ئەو مۆرفیمەی دەخـرێتە سەر،وەك:

(41)-تاجی سەركەوتنی[ ڕاپەڕین]ت یش،تاجی سەری ئازادیی سەرتاسەری كوردستانە (ك.ن،19-3،ژ7818)

**1-1-5-2-3-8-پاتكردنەوە:**هەندێجار بە مەبەستی زیاتر جەختكردنەوە لەسەر ڕاستی و دروستی زانیاریەك و نەهێشتنی گومـان لای وەرگر،كەرستەیەكی ڕستە دووبارە دەكرێتەوە،وەك:

(42)-ئەو لە شەرمان سور سور [هەڵگەڕابوو]ت.

**4-2-5-1-1-نیشانەکردنی تیشکۆ لە ئاستی سینتاکسدا:**

لە ئاستی سینتاکسدا نیشانەکردنی تیشکۆ یان بەهۆی هێز و ئاواز،یان بەهۆی هێنانە پێشەوەی تیشکۆوە دەبێت.(عەبدوڵڵا،2013 :89) لەم ئاستەدا دەتوانرێ لە ڕێگای تیشکۆ خستنەسەر هەندێ پێکهاتەی دیاریکراوی ڕستە، لە تاکە ڕستەیەکدا جگە لە مەبەستە بنچینەکەی،مەبەستی جیاواز و واتای بابەتی بەدەست بهێنرێت.لێرەدا هەردوو ڕستەکە ،بنچینەیەکە و تیشکۆدارەکە هەمان چەمک دەگەیەنن،بەڵام لە مەبەستدا جیاوازن.لە زمانی کوردیدا زۆر جار شوێنی تیشکۆ لە ڕستەدا پەیوەندی تەواوی بە جۆرەکانی ڕستە لەڕوی ناوەڕۆکەوە هەیە،بەم شێوانەی خوارەوە:

**1-4-2-5-1-1-ڕستەی هەواڵگەیاندن(Declarative):**

ئەم جۆرە ڕستەیە وەسفی بارودۆخێک دەکات،یان هەواڵێک بە بەرامبەر دەگەیەنێت،ڕیزبوونی بنجی کەرستەکانیشی لە کوردیدا لە جۆری (SOV)یە،لەم جۆرە ڕستەیەدا((بەزۆری باسی نیشانە نەکراو بەشی پێشەوەی ڕستە دەگرێت...،خواسیش گرێی کارییە)).(فەرهادی،2008: 106)ڕستەی هەواڵگەیاندن کاتێ کەرستەکانی بەشێوەیەکی بنجی ڕیزدەبن هیچ جۆرە جەختکردنێکی تێدا نییە،بەڵام دەکرێ بەهۆی وشە و پارتیکڵەکانی تیشکۆوە،یان لە ڕێگای هێزەوە تیشکۆ بخرێتە سەر کەرستەکانی ڕستەکە،وەک نمونەی(43-ب):

(43)-ئ-[کۆبوونەوەکان]باس [بەردەوام دەبن]خواس (ک.ن،22-1،ژ7770)

ب-بێگومان [کۆبوونەوەکان]ت بەردەوام دەبن.

**2-4-2-5-1-1-ڕستەی پرسیارکردن(Interrogative):**

بەگشتی ئەو ڕستانە دەگرێتەوە،کە داوای زانیاری لە وەرگر دەکەن.ئەو ڕستە پرسانەی بەبێ ئامرازی پرس بەرهەم دێن بەهۆی ئاوازەوە تیشکۆی سەر کەرستەکانیان دەستنیشاندەکرێت،بەڵام ئەو ڕستانەی بەهۆی ئامرازە پرسەکانەوە بەرهەم دێن،تیشکۆ دەخرێتە سەر ئامرازەکە،چونکە((لە زمانی کوردیدا ئەو ڕستە پرسانەی بەهۆی ئامرازی(کێ،کەی،چی،چۆن...هتد)دروست دەکرێن،ئامرازەکانیان لە جێی خۆیان دەمێننەوە بێ گواستنەوەی سینتاکسی ،بەڵام بە هۆی ئەو هێزە تایبەتەی لە دەربڕینیاندا بەکاردێت،لۆجیکیانە دەرهێنراون و خراونەتە حاڵەتی تیشکۆوە.واتە ئەو هێزەی لە سەر وشە پرسەکە دەردەکەوێت بریتیە لە هێزی سەرتۆپی نەک هێزی سینتاکسی)).(قادر:2008، 148) بەڵام ئەگەر بمانەوێ لەڕوی سینتاکسیەوە تیشکۆ بخەینە سەر کەرستەکانی ڕستەکە،پێویستە وشە و پارتیکڵەکانی تیشکۆ بەکاربهێنین،وەک نمونەی(44-ب):

(44)-ئ-[کەی]ت مشتومڕی خوێندکاران و پەروەردە کۆتایی دێت؟ (ک.ن،29-6،ژ7898)

ب-دەبێ[کەی مشتومڕی خوێندکاران و پەروەردە کۆتایی پێبێت؟]ت

**3-4-2-5-1-1-ڕستەی سەرسوڕمان(Interjection):**

جگە لەوەی هەندێجار ڕستەی سەرسوڕمان بەهۆی ئاوازەوە بەرهەمدێت،زمانی کوردی دەتوانێت بەهۆی چەند وشەیەکی تایبەتی وەک(ئاخ،ئای،ئۆی،ئۆف،پەکو...هـتد)،کە تیشکۆدارن،ڕستەی سەرسوڕمان بەرهەمبێنێت و واتای سەرسوڕمان بە ڕستەکان بەخشن.(سەرچاوەی پێشو،2008: 150) ئەمە لەڕوی لۆجیکییەوە،بەڵام ئەگەر بمانەوێ لەڕوی سینتاکسیەوە تیشکۆ بخەینە سەر کەرستەکانی ڕستەکە،پێویستە وشە و پارتیکڵەکانی تیشکۆ بەکاربهێنین،وەک نمونەی(45-ب):

(45)ئ-[ئۆخەی]ت ! لە دەست دوژمن ڕزگارمان بوو.

ب-ئۆخەی ! خۆ [لە دەست دوژمن]ت ڕزگارمان بوو.

**4-4-2-5-1-1-ڕستەی فەرماندان(Imperative):**

ڕستەی فەرماندان ئەوەیە،کە قسەکەر داوا لە گوێگر دەکات،کارێک ئەنجام بدات،یان نەدات.(ڕەسووڵ،2015: 142)ڕستەی فرماندانیش بە دوو شێوەی جیاواز دەردەبڕرێ:

**1- فەرماندانی ڕاستەوخۆ:**قسەکەر بە شێوەیەکی ئاشکراو و ڕاستەوخۆ داواکاری،یان فەرمان بەسەر گوێگردا دەکات.(عەلی،2014: 250)لە دەربڕینێکی ئاسایی ئەم جۆرە ڕستەیەدا،بکەر دەرنابڕرێ،ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بکەر زانیاری زانراوە،بۆیە بە شێوەیەکی لۆجیکی تیشکۆ دەخرێتە سەر بەشەکردار،بەڵام ئەگەر لەڕوی سینتاکسییەوە تیشکۆ بخەینە سەر کەرستەکانی ڕستەکە،پێویستە یەکێک لەم ئامرازانەی جەختکردن(ئادەی،دەی، دە،...هتد)بخرێتە پێش ڕستەکە ،وەک نمونەی(46-ب):

(46)-ئ-[دەرگاکە دابخە]ت .

ب-دە [دەرگاکە دابخە]ت.

**2-فەرمانـدانی ناڕاسـتەوخۆ:** لەم جـۆرە ڕسـتەیەدا قسـەکەر ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ،داوا لە هەر یەکێـک بـیەوێ،لە شـەش کەسـەکە(تەنانەت خۆشی)دەکـات،کە لە داهـاتودا کـارێکی بـۆ جێبەجـێ بکات.(ڕەسـوووڵ،2015: 143) لە ڕسـتەی فەرمانـدانی ناڕاسـتەوخۆ تیشـکۆ بەهـۆی ئامرازەکـانی داخـوازی دروسـتدەبێت،کە بـریتین لەو وشـانەی مـۆداڵیتی دەنـوێنن،وەک: کـاری یاریدەدەری(دەبێت،دەبوو...هتد)،یان وشەی(ڕەنگە،لەوانەیە،هیوادارم...هتد)،کە بە زۆری لە سەرەتای ڕستەکە دێـن و شـێوازێکی داخوازی بە ڕستەکە دەبەخشن،وەک:

(47)-دەبێت [پارتی و یەکێتی پێکەوە کاربکەن و چارەسەر بۆ پرسە جیاجیاکان بدۆزنەوە]ت (خەبات،3-2،ژ5673)

**1-5-3- پەیوەندییە واتاییەکان(Sense Relation):**

پەیوەنـدییـە واتاییـەکان ئـەو پەیوەنـدییەیـە کـە دانـە فەرهەنگییـەکان لـە نێـوان خۆیانـدا هەیانـە لـە چوارچێـوەی زمـانێکی دیاریکراودا.(ویدۆوسن،2008: 151)دەکرێ لە ڕێگای پەیوەندی جێنشینی و هاونشینی نێوان دانە فەرهەنگییەکان واتای جۆراو جۆر بەدەستبێت،بۆنمونە ((واتای بابەتی یەکێکە لەو واتایانەی کە دەتوانرێ لە ڕێگای ئـەم سـێ پەیوەنـدییـە جێنشـینییەی خـوارەوە بـە دەست بێت)).(Jwad,2007:97)

**1-5-3- 1-پەیوەنــدی هاوواتــایی(Synonymy):** هاواتـایی بریتییـە لـە بـوونی زیـاتر لـە فۆڕمێـك کـە یـەك واتایـان هەیە.(Leech,1974:101)یان واتایان لێك نزیکە.زۆربەی زمانەوانەکان بوونی هاوواتای تەواو بەدەگمەن دەزانـن لـە زماندا،چونکـە وشـەکان نـاتوانن لـە هـەموو دەوروبەرێکـدا شـوێنی یـەکتر بگرنـەوە بـێ ئـەوەی کاریگـەری بەسـەر واتـا سـەرەکییەکەدا هەبێت.(دزەیی،2010: 112)بەپێی تیۆری شیکردنەوەی پێکهاتەیی دەکرێ بەهۆی سیمای واتایی وشەکان بڕیار لەسەر هاوواتایی ئەو وشـانە بدرێ،کـە بەڕواڵـەت خۆیـان بـە هاوواتـا نیشـاندەدەن،بۆنمونە شـیکردنەوەی هـەردوو وشـەی(ژن/ئافرەت)بۆ سـیما پێکهێنەرەکانیان بەم شێوەیە دەبێت:

ژن <+مرۆڤ +مێ +هەراش +شوکردن>

ئافرەت <+مرۆڤ +مێ +هەراش ±شوکردن>

دیارە تەنیا جیاوازی نێوان وشەی(ژن/ئافرەت)لە سیمای(شوکردن)دایە،بۆیە نابنە هاواتای تەواو،کەواتە دەکرێ بڵێین هەمـوو ژنێـک ئافرەتە،بەڵام هەموو ئافرەتێک مەرج نییە ژن بێت و شـوی کردبێـت.(عەلی،2019: 89)بەم پێـیە هەنـدێک لە وشـە هاوواتاکـان لە واتای هۆشەکییدا هاوواتان،بەڵام بەهۆی جیاوازیان لە یەک دوو سیمای واتاییدا دەبنە هـۆی گەیانـدنی مەبەسـت و واتـای بـابەتی جیاواز،بۆیە ڕستەی(ئافرەتەکە هات)لەڕوی واتای بابەتییەوە یەکسان نییە بە ڕستەی(ژنەکە هات)،چونکە هەریەکەیان بۆ مەبەست و بارێکی تایبەت بەکاردێت.

**1-5-3- 2-دژواتـا(Antonymy):** بەو وشـانە دەگوترێـت،کە لە واتـادا دژ بە یەکـتر دەوەستن.(سـەرچاوەی پێشـو،2019: 109) دژواتایی پەیوەندییەکی واتاییە، ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕونکردنەوەی واتای وشەدا دەبینێت و چەندین جـۆری جیـاوازی دژواتـایی وەکـو دژواتایی(پلەدار،تەواوکەری ،پێچەوانەیی،ئاڕاستەدار،ستونی...هتد)لە نێوان دانە فەرهەنگییەکاندا نیشاندەدات.((دەتوانرێ لە ڕێگای یەکێک لەو جۆرانە کە دژواتایی پێچەوانەیە واتای بابەتی بەدەستبهێنرێ)).(Jwad,2007:107)دژواتای پێچەوانە پەیوەندییەکی واتاییە لە نێـوان دوو دانەی فەرهەنگیـدا، کە واتـای یەکێکیـان لەوەی دیـکەدا هەیە،وەک:(کڕین،فرۆشتن)یان(دان،وەرگرتن).(ویدۆوسن،2008: 134)ئەو پەیوەنـدییە کـاتێ دەردەکەوێ،کە هەردوو وشـەکە بـاس لەیەک کردە دەکەن.(دزەیی،2010: 120)وەک:

(48)-ئـ-کاروان دیاریەکەی بە هێرۆ دا.

ب-هێرۆ دیاریەکەی لە کاروان وەرگرت.

لەم دوو ڕستەیەدا(دان ،وەرگرتن)گوزارشت لە یەک کـردە دەکەن،بەڵام لە دوو گۆشـەی جیـاوازەوە سـەیری کـردەکە دەکەن،بـۆیە هەرجارەی کەرستەیەک بۆتە جێگای بایەخی نێرەر و هێنراوەتە سەرەتای ڕستەکە،ڕستەی(48-ئـ) دەبێـتە وەڵام بـۆ پرسـیاری(کاروان دیـاریەکەی بە کـێ دا؟)،بەڵام ڕسـتەی(48-ب) وەڵامـی پرسـیاری(هێرۆ دیـاریەکەی لە کـێ وەرگـرت ؟)دەداتەوە،ئەمەش ئەوە دەردەخات،کە ئەم دوو ڕستەیە لەڕوی کاریگەری و واتای بابەتییەوە جیاوازن،چونکە هەر یەکەیـان مەبەسـتێک دەگەیەنێـت و بـۆ بارێکی تایبەت دەبێت.

**1-1-5-3- 3-فرەواتا(Polysemy):**فرەواتایی بریتییە لە وشەیەك کە زیاتر لە واتایەکی هەیە. (Leech,1974:101)بەمەرجێك ئەو وشەیە یەك نەژادی هەبێت،بەڵام واتای جیاجیا ببەخشێت و یەك دەروازەی لە فەرهەنگدا بۆ دابنرێ.(عەلی،2019: 117) وشە فرەواتاکان بەهۆی هاونشینیان لەگەڵ وشەی تردا،یاخود بەکارهێنانیان لە دەوروبەری جیاوازدا گۆڕان لە واتایاندا ڕوودەدات،بۆ نمونە وشەی(شەوەزەنگ)لە هەردوو ڕستەی:

(49)-شەوەزەنگ: 1-تاریکەشەو ______ ڕۆیشتن بەپێ لە شەوەزەنگدا ترسناکە.

2-بێ هیوایی ______ یەکێتییەک دڕی بە شەوەزەنگ دا،

درک بە ئەرکەکانی قۆناغی نوێش دەکات (ک.ن،31-5،ژ7878)

وشەی (شەوەزەنگ)لە ڕستەی یەکەم بە واتا بنەڕەتییەکەی خۆی بەکارهاتوە،کە (تاریکەشەوە) و جیاوازە لە واتایەی لە ڕستەی دووەم دەیگەیەنێت،کە(بێ هیوایيە).کەواتە کاتێ نێرەر وشەیەك جگە لە واتا سەرەکییەکەی خۆی بە واتا و مەبەستێکی تر بەکاردەهێنێت،ئەوا ئەم دیاردەیە دەچێتە خانەی بەدەستهێنانی واتای بابەتییەوە.چونکە نێرەر هەمان وشەی لە دوو باری جیاواز و بۆ دوو مەبەستی جیاواز بەکارهێناوە.

**1-1-6-گرنگی واتای بابەتی:**

گرنگی واتای بابەتی لە بواری واتاسازیدا بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

1-گەیاندنی پەیام بە دروستی.

2-دیاریکردنی شوێنی هێز لە ناو ڕستەدا،چونکە ئەو وشانەی تیشکۆیان دەخرێتە سەر هێزی ڕستە وەردەگرن.

3-ئەو ڕاستییە دەردەخات،کە هەندێ وشە لای نێرەر گرنگترن لە هەندێ وشەی تر لە سنوری ڕستەدا،بۆیە هەوڵدەدات ئەو وشانە بهێنێتە پێش،یان هێزی سەرەکی ڕستەی دەخاتە سەر،واتە دەیکاتە تۆپیک(شێرزاد صبری،2015: 48)

4-ئەم واتایە نێرەر وابەستەی یاسای ڕیزبوونی کەرستەکان و ڕێکخستنی پێکهاتەی زانیاری دەکات لە ڕستەدا.

5-ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە کاریگەری خستنەسەر وەرگر و پاشان وروژاندن و ڕازیکردنی.

6- واتای بابەتی ڕێگا بۆ نێرەر واڵا دەکات،بۆئەوەی بتوانێ بە زیاتر لە شێوازێک یان ڕۆنانێک گوزارشت لە واتای مەبەست بکات.کە بێگومان ئەمەش زیاتر دەوەستێتە سەر توانای دەربڕین ودرکپێکردنی نێرەر.

7-ئەم جۆرە واتایە گرنگی ئەو ڕێگایە دەردەخات،کە پەیامەکەی پێ ڕێکدەخرێ،چونکە ئەو ڕێگایە ڕونی دەکاتەوە چی گرنگە و چی گرنگ نییە،بۆیە ئەم ڕێگایە بە بنەمای بەدەیهێنانی واتای بابەتی دادەنرێت.

8-نێرەر ئەو شێوازە یان ئەو ڕۆنانە جێگرەوەیە،یان ڕێگاپێدراوە بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی هەڵدەبژێرێت ،کە لەگەڵ پەیامەکەی ئەو دەگونجێت.

9-ڕۆڵی ئامرازەکانی جەختکردنەوە ،هێز و ئاوازە، ڕیزبوونی کەرستەکان ،پەیوەندییە واتاییەکان لە گۆڕینی واتای ڕستە دەردەخات.

10-هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی هێز یان تیشکۆ لەسەر کەرستەکانی ڕستە .

11-گرنگیەکی تریشی ئەوەیە جیاوازی(بەرامبەری)لە ئاستی واتای وشە(وەک نمونەی 48-ئـ ،ب) و ڕستەدا (وەک نمونەی 25-ئـ ،ب)پیشاندەدات.

**1-1-7- واتای بابەتی لە مانشێتی سەرەکییدا:**

**1-1-7-1- ڕیزبوونی کەرستەکان لە مانشێتی سەرەکییدا:**

ڕیزکردنی کەرستەکان ئاماژەیە بەو ڕێگایەی،کە کەرستەکانی پێ ڕێکدەخرێ لە فرێز و ڕستە و لاڕستەدا،هاوکات لە چۆنیەتی ڕیزبوونی پێکهاتە سینتاکسییەکان و دەرخستنی جیاوازی نێوانیان لە زمانە جیاجیاکاندا دەکۆڵێتەوە .(Wikipedia,2021 )

لەبەر ئەوەی قسەکردن لە بنەڕەتدا ئاسۆییە،بۆیە لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە بۆ هەر زمانێک هەندێ کلێشەی دیاریکراو بۆ پێکهاتەی ئاخاوتن دیاریکراوە.(Rijkhoff,2015:644 )ئەمەش وادەکات((ڕیزبوونی کەرستەکان لەناو چوارچێوەی ڕستەدا وەک کەرستەیەکی واتای ڕێزمانی تەماشا بکرێت و مامەڵەی لەگەڵ بکرێت))،(عەلی،1998: 9) واتای ڕێزمانیش هۆکارە بۆ دیاریکردنی واتای بابەتی.دابەشکردنی پێکهاتەی زانیاری لە مانشێتدا کاریگەری تەواوی بەسەر چۆنیەتی ڕیزبوونی کەرستەکاندا هەیە. لە هەندێ زماندا بەپێی جۆری ڕستەکە(پرس،هەواڵدان،فەرماندان...هتد)دەگۆڕێت،بەڵام دەبێت ڕیزکردنەکە ڕێگاپێدراو بێت.(Rijkhoff,2015: 644)

ڕێکخستنی کەرستەکان بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بە ڕیزبوونی کەرستە سەرەکییەکانی ڕستە(بکەر،بەرکار،کردار) هەیە،بەڵام دەکرێ بەمەبەستی زیاتر ڕونکردنەوەی ڕستە،هەندێ کەرستەی تری لاوەکی بۆ ڕیزکردنەکە زیادبکرێ.(646-2015:645, سەرچاوەی پێشو) بەگشتی لە کاتی گواستنەوەی زانیاریدا وشەکانی زمان بە دوو شێوە ڕیز دەبن:

**1-1-7-1- 1-ڕیزبوونی چەسپاو:**

مەبەست لە ڕیزبوونی چەسپاو ئەوەیە،کە هەر گۆڕانێک لە ڕیزبوونی کەرستەکان،لە سنوری فرێزەکاندا ڕوودات،دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەرکی سینتاکسیـ ڕستەکە و هەروەها لێکدانەوەی واتایی کەرستەکانیش دەگۆڕێت.(عەلی،1998: 10 )واتە ئەم جۆرە ڕیزبوونە ڕێگا بە جێگۆڕکێی کەرستەکان نادات،بۆیە دەبێ کەرستەکان پابەندی ڕیزبوونە بنجییەکە بن،بۆ نمونە:

(50)-ئ-شاندی دانوستانکاری پارتی و یەکێتی کۆبوونەوە (خەبات،22-5،ژ5677)

*ب-دانوستانکاری پارتی و یەکێتی شاندی کۆبوونەوە.

دیارە کەرستەکانی نمونەی (50-ئـ)بەشێوەیەکی چەسپاو(بکەر+کردار) ڕێزکراون،بەڵام جێگۆڕکێی کەرستەکان لە نمونەی(50-ب)ڕستەیەکی ناتەواوی لەڕوی واتا و ڕێزمانییەوە بەرهەم هێناوە.

یەکێک لە ئەرکەکانی ڕیزبوونی کەرستەکان چارەسەرکردنی تەمومژی واتایی ڕستەیە لە ڕێگای ڕیزبوونی چەسپاوی کەرستەکان،کە ڕیزبوونێکی ئاسایی کەرستەکانە،یاخود بەهۆی هاتنی زانیاری زانراو(topic)پێش زانیاری نەزانراو(commnt)لە ڕستەدا،ئەمەش وا دەکات بکەر یان وشەی جەختلێکراو لەسەرەتای ڕستەدا بێت..(Wikipedia,2021 )

**1-1-7-1- 2- ڕیزبوونی ئازاد:**

جێگۆڕکێی کەرستەکان بنەمایەکی ڕەوانبێژییە و بوارێکی بەسودە بۆ ڕۆنانە زمانیەکان.(لوشن،2006: 64)بۆیە ئەم جۆرە ڕیزبوونە پێچەوانەی ڕیزبوونی چەسپاوە،دەتوانرێت جێگۆڕکێ بە کەرستەکانی ڕستە بکرێت بێ ئەوەی کار لە واتا و ئەرکی ڕێزمانی ڕستەکان بکات.(دزەیی،2013: 56)واتە هەر گۆڕانێک لە ڕیزبوونی کەرستەکاندا ڕوبدات،نابێتە هۆی گۆڕانی ئەرکی ڕێزمانی وشەکان.(عەلی،1998: 10) لە ڕیزبوونی ئازاددا هەرچەندە کەرستەکان خاوەنی ڕیزبوونی بنجی خۆیانن،کەچی ڕێگا بەڕیزبوونی تری وشەکان وەکو بەلوتکەکردن یان جەختکردن لەسەر کەرستەیەک دەدرێ .واتە بەهۆی نیشانەکردنەوە ڕیزبوونی ئاسایی کەرستەکان بۆ ڕیزبوونێکی نائاسایی دەگۆڕدرێت، (Wikipedia,2021 )بۆ نمونە:

(51)-سبەی پارتی و یەکێتی کۆدەبنەوە (خەبات،3-3،ژ5705)

ڕیزبوونی کەرستەکانی نمونەی(51) چەسپاو نین،چونکە نێرەر بە مەبەست ئاوەڵکاری(سبەی)هێناوەتە پێشەوەی ڕستەکە،بەمەش ڕیزبوونی ئاسایی کەرستەکانی گۆڕیوە،کە دەکرێ بەشێوەیەکی ئاسایی بەم شێوەی خوارەوە ڕیز بکرێن:

(52)- پارتی و یەکێتی سبەی کۆدەبنەوە .

**1-1-7-2-ڕیزبوونی کەرستەکان لەزمانی کوردیدا**

شەش جۆر ڕیزبەندی کەرستە سەرەکییەکان(بکەر،بەرکار،کردار)لە زمانەکانی جیهاندا بەدی دەکرێن،بەڵام لەم شەش جۆرە تەنیا سێیانیان لە زماندا دەردەکەون،لەم ڕووەوە زمانەکان بۆ سێ جۆر پۆلێنکراون:(SOV,VSO,SVO)). (دزەیی،2013 :54) هەر زمانێک بەپێی دەستور و یاساکانی سینتاکسی ئەو زمانە هەرسێ کەرستە سەرەکیەکەی ڕستە لە دوای یەک ڕیزدەکات.(فەرهادی،2013: 34)لەم ڕووەوە ڕیزبوونی بنجی کەرستە سەرەکیەکان لە زمانی کوردیدا بە جۆری(SOV)دادەنرێت(Fattah,1997:246)لەگەڵ کاری تێپەڕ،لەگەل کاری تێنەپەڕیش بە(SV)دادەنرێت،بۆ نمونە:

(53)-ئـ- پارتی کۆنفراسێکی زانستی و ئەکادیمی ساز دەکات ___(SOV) (خەبات،11-9،ژ5825)

ب-کۆبوونەوەکان بەردەوامدەبن ______(SV) (ک.ن،22-1،ژ7770)

هۆکاری ئەم جۆرە ڕیزبوونە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،((کە زۆربەی ڕستەکانی زمانی کوردی ڕۆنانێکی ناوەوەیان هەیە،کە بە بکەر دەست پێدەکەن و بە کرداریش کۆتاییان دێت،ئەگەرچی لە قسەکردندا هەندێ جار ڕیزبوونی ئەو ڕۆنانە دەگۆڕێت،بەتایبەتی لە دەربڕینی ڕستەی کورتکراو و بەلوتکەکردنی بەرکاردا یان بەکارهێنانی شێوازی جیاواز لە قسەکردندا)). (عەلی،1998: 9)بڕوانە:نمونەی(8-ب)،یانیش بەهۆی جەختکردن لەسەر کەرستەیەک،بڕوانە نمونەی(9)

هەرچی کەرستە ناسەرەکییەکانیشن، شوێنیان لە ڕستەدا چەسپاو نییە بەئارەزوە،واتە بەپێی مەبەستی قسەکەر دەتوانن جێگۆڕکێ بکەن،وەک ئاوەڵکاری(ئەمڕۆ)لە هەردوو نمونەی(54- ئـ ،ب):

(54)-ئـ-ئەمڕۆ مەڕاسیمی ساڵیادی ئەنفال بەڕێوە دەچێت (خەبات،14-4،ژ5729)

ب- مەڕاسیمی ساڵیادی ئەنفال ئەمڕۆ بەڕێوە دەچێت.

**1-1-7-3-واتای بابەتی لە ڕۆنانی مانشێتی سەرەکیدا:**

ئەوەی کە زۆر گرنگ بێت لە نووسینی مانشێتی سەرەکیدا، ئەوەیە کە چۆن سەرەتای مانشێت و ئەو شوێنەی کە بکەر پڕی دەکاتەوە بەکاربێت،تاوەکو مانشێتەکە بەشێوەیەکی بابەتیانە ڕوداوەکە بگوازێتەوە.زۆرجار لە ڕستەی هەواڵیدا باس و بکەر لەیەک کەرستەدا کۆدەبنەوە،بەمەش گرنگی و قورساییەکی زۆر دەدرێ بە بکەر.ئەمەش کاتێ ڕوودەدات،کە کەرستەکانی ڕستە بەشێوەیەکی ئاسایی ڕیزکرابن،بەڵام ئەوەی لە مانشێتدا بەدی دەکرێت،ئەوەیە کە مانشێت لەڕوی زمان و دارشتن و ئەرکەوە کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆی هەیە،ئەمەش وایکردوە نێرەر لە ڕۆنانی مانشێتدا بە مەبەستی کاریگەری خستنە وەرگر، جەخت لەسەر بەشێک لە کەرستەکان بکاتەوە،یان دەستکاری ڕیزبوونیان بکات.لە بواری ڕاگەیاندندا مانشێتی سەرەکی ئەو بەشەی هەواڵە کە زۆرترین چاوی لەسەرە و((لەو جۆرە دەقانەیە کە مۆرکی کاریگەرییان پێوەیە،لەم جۆرە دەقانەدا زیاتر جەخت لەسەر وەرگر دەکرێتەوە لە پێناو ڕازیکردن و وروژاندنی)). (الزهـراء،2016-2017 :20)بۆیە واباشە بەکورتی کرۆکی هەواڵەکە بگوازێتەوە.بەپێی مەرجەکانی دارشتنیش،پێویستە مانشێت کورت و پوخت و ڕون بێت،تا وەرگر بەئاسانی لێی تێبگات،مەرجیشە زانیاری تازە بگەیەنێت.لە ڕوانگەی ئەو مەرجانەوە،دەکرێ لە چوارچێوەی یاسا سینتاکسییەکاندا پرۆسەی ڕێکخستنی زانیاریەکان لە مانشێتدا بەجۆرێک ڕێکبخرێت،کە زانیاری کۆن و نوێ بەئاسانی لێک جیا بکرێنەوە،بەمەش لەلایەک خواست و ویستی وەرگری بەپەلە دابینەدەکات، لەلایەکی تریش گرنگترین ئەرک و مەرجەکانی دارشتنی مانشێتی تێدا ڕەنگدەداتەوە.لە ڕوانگەی سیمانتیکەوە ئەوەی نێرەر لە ڕێگەی ڕێکخستنی پەیامەکەی لە ڕوی ڕیزکردن و جەختکردنەوە دەیگوازێتەوە بە واتای بابەتی دادەنرێت.واتای بابەتی لەسەر بنەمای واتای فەرهەنگی وشەکان و ئەرکی سینتاکسییان لە ڕستەدا بنیاتدەنرێ،بۆیە هەر گۆڕانێک لە ڕیزبەند و ئەرکی سینتاکسی وشەکان دەبێتە هۆی گۆڕانی واتای ڕستە.ئەم دیاردەیە لە ڕۆنانی مانشێتدا زۆر بەزەقی ڕەنگیداوەتەوە ،چونکە مانشێتنوس بەهۆی کاریگەری دەرونی یان مەبەستێکی تایبەتەوە گۆڕانکاری لە ڕیزبوونی پێکهاتەی زانیاری دەکات،یان جەخت لەسەر پێکهاتەیەکی مانشێتەکە دەکاتەوە.

**1-1-7-4-شیکردنەوەی پراکتیکی ماشێتەکان:**

دوای باسکردنی میکانزمەکانی بەدەستهێنانی واتای بابەتی و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی ئەو میکانزمانە لە ڕۆنانی مانشێتی سەرەکیدا،هەوڵدەدەین لە خشتەی(1، 2) شیکردنەوە بۆ ئەو مانشێتانە بکەین،کە وەکو کەرستەی توێژینەوەکە بەپێی شێوازی(ئەگەری هەڕەمەکی ڕێکخراو) بەڕێژەی(25%)لە کۆی مانشێتە سەرەکییەکانی ساڵی(2019)ی هەردوو ڕۆژنامەکە وەرگیراون.بەپێی ئەم ڕێژەیە لەڕۆژنامەی خەبات لە کۆی(240)مانشێت (60)مانشێت و لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێش لە کۆی(296) مانشێت (74)مانشێت هەڵبژێرراون،بەڵام لێرەدا لەبەر زۆری مانشێتەکان و کەمی شوێن لەهەر ڕۆژنامەیەکدا تەنها شیکردنەوەی(10)مانشێت دەخەینەڕو.

| ژمارە | بەروار | مانشێتەکانی ڕۆژنامەی خەبات-ساڵی 2019 | میکانزم و شێوازەکانی بەدەستهێنانی واتای بابەتی |
|---|---|---|---|
| 5741 | 5-2 | [ئومێدی]ت [ژیانێکی]ت بەختەوەر و دوور لە چەوسانەوە بۆ هەموو [کرێکارانی]ت ئازیز دەخوازم | ت-ئامرازی داخوازی(ئومێدی)<br>ت-بەهۆی دیارخەر(ڕادە)<br>ت-بەهۆی دیارخەر(ئاوەڵناو)<br>ت-بەهۆی دیارخەر(ئاوەڵناو) |
| 5753 | 5-20 | 57 [ساڵەی]ت پێشمەرگایەتی سەرۆک بارزانی | ت -بەهۆی دیارخەر(ژمارە)<br>ڕ.ک - بەهۆی کرتاندنی واتایی |
| 5789 | 7-15 | [ئەمڕۆ]ت یەکەم [کۆبوونەوەی]ت ئەنجوومەنی وەزیران بەڕێوەدەچێت | ڕ.ک -بەلوتکەکردنی ئاوەڵکار<br>ت-بەهۆی دیارخەر(ژمارە) |
| 5797 | 7-25 | ئەڵمانیا لە مەشقپێکردن و ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوام دەبێت | ت-بەهۆی هێز و ئاواز |
| 5701 | 8-25 | مامۆستا محەمەد مەلا قادر بە [خەبات و دڵسۆزی و کۆڵنەدانی] ت خۆی پلەکانی کاروانی خەباتی بڕی | ت- بەهۆی جێناوی خۆیی<br>پ- فرەواتا لە وشەی(کاروان)<br>پ- فرەواتا لە وشەی(بڕی) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 5837 | 9-29 | بارزانی نەمر:ئەگەر[ دەست بە شەڕ بکەینەوە]ت ،با [شەڕ لە پێناو کەرکووک و خانەقین و شنگال بێت]ت ،نەک [بەهۆی ژیانی منەوە]ت | ت – بەهۆی ئامرازی مەرجی(ئەگەر)<br>ت–بەهۆی ئامرازی ئاگادارکردنەوە(با)<br>ت-بەهۆی ئامرازی نەرێکردن(نەک) |
| 5841 | 10 -3 | مەسرور بارزانی:سەقامگیری هیچ [حکومەتێک]ت پارێزراو [نابێت]ت ئەگەر [خەڵکەکەی] ژیانێکی]ت ئازاد و سەربەخۆ و ڕێزلێگیراویان[ نەبێت]]ت | ت-بەهۆی ئامرازی نەرێکردن(هیچ)<br>ت-بەهۆی ئامرازی مەرجی(ئەگەر)<br>ت- بەهۆی ئامرازی نەرێکردن(نا)<br>ت-بەهۆی دیارخەر(ئاوەڵناو)<br>ت- بەهۆی ئامرازی نەرێکردن(نە) |
| 5865 | 11-6 | لە هەر [هەمەوارێکی دەستووردا]ت دەبێت [سیستەمی فیدراڵی و ماف و تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان و[قەوارە]ت دەستوورییەکەی پارێزراوبن]ت | ڕ.ک-بەلوتکەکردنی تەواوکەری بەیاریدە<br>ت-بەهۆی دیارخەر(هەر)<br>ت-بەهۆی ئامرازی داخوازی(دەبێت)<br>ت-بەهۆی دیارخەر(ئاوەڵناو) |
| 5873 | 11-18 | مانگرتنی [گشتی]ت لە فەرمانگە حکوومییەکانی چوار [شاری ناوەڕاست و باشووری عێراق]ت [ ڕاگەیەنرا]ت | ڕ.ک -بەهۆی بکەر نادیاری<br>ت-بەهۆی دیارخەر(ژمارە)<br>ت-بەهۆی پێشگر(ڕا) |
| 5897 | 12-22 | سەرۆک مەسعود بارزانی بەڵێنی دا:<br>یان [شنگال ڕزگار دەکەین]ت ،یان [[سەری]ت خۆمان لەسەر دادەنێین]ت | ت-بەهۆی ئامرازی لێکدەری(یان)<br>ت-بەهۆی ئامرازی لێکدەری(یان)<br>ت-بەهۆی جێناوی خۆیی<br>پ-فرەواتا لە وشەی(لەسەر دادەنێین) |

(خشتەی ژمارە- 1)

| ژمارە | بەروار | مانشێتەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ-ساڵی 2019 | میکانزم و شێوازەکانی بەدەستهێنانی واتای بابەتی |
|---|---|---|---|
| 7762 | 1 -12 | [هەڵکردنی]ت مۆمی 28 [ساڵەی]ت [ماڵە]ت گەورەکەی میدیای کوردی | ڕ. ک -بەلوتکەکردنی ناوی کردار<br>ت-بەهۆی دیارخەر(ژمارە)<br>ت-بەهۆی دیارخەر(ئاوەڵناو)<br>پ-فرەواتا لە فرێزی(ماڵە گەورەکە) |
| 7778 | 1-31 | مەکتەبی سیاسی:[بۆ بەردەوامبوونی گفتوگۆکان]ت پێویستە [[کەشێکی]ت دۆستانە و ئارام هەبێت]ت | ڕ. ک -بەلوتکەکردنی تەواوکەری بەیاریدە<br>ت-بەهۆی ئامرازی داخوازی(پێویستە)<br>ت-بەهۆی دیارخەر(ئاوەڵناو)<br>پ-فرەواتا لە وشەی(ئارام) |
| 7838 | 4-15 | یادی ئەنفال لەکوردستان تا [سەماوە]ت کرایەوە | ڕ. ک -بەهۆی بکەرنادیار<br>ت-بەهۆی ئامرازی(تا) |
| 7854 | 5-3 | بەهار درەنگ کەوت… بەڵام هەر[ هات]ت | ت-بەهۆی دیارخەر(هەر)<br>ت-بەهۆی ئامرازی(بەڵام) |
| 7858 | 5-8 | فراکسیۆنەکان لەسەر کاراکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێم ڕێکەوتن | ت- بەهۆی هێز و ئاواز |
| 7834 | 4 -5 | [بارانی]ت بەخوڕی کوردستان | ڕ. ک– بەهۆی کرتاندنی واتایی<br>ت-بەهۆی دیارخەر(ئاوەڵناو) |
| 8018 | 11-23 | [تووتێڵێک]ت ئەوسەری [دیار نییە]ت! | ت-بەهۆی مۆرفیمی نەناسراوی(ێک)<br>ت-بەهۆی ئامرازی نەرێکردن(نی)<br>پ-فرەواتا لە وشەی(تووتێڵیک) |
| 7906 | 7-8 | کاندیدەکان یەکلا کرانەوە و<br>ماوەتەوە سوێند خواردنی [کابینەی]ت نوێ | ڕ. ک - بەهۆی بکەر نادیار<br>تیشکۆ-بەهۆی دیارخەر(ئاوەڵناو) |
| 7942 | 8-26 | "هەفتەی داهاتوو]ت سەرکردایەتی<br>لەسەر پرسی کۆنگرە کۆدەبێتەوە" | ڕ. ک -بەلوتکەکردنی ئاوەڵکار |
| 7974 | 10-2 | 16 [لایەن]ت بەشداری (هاوپەیمانی کوردستانی)دەکەن | ت-بەهۆی دیارخەر(ژمارە) |

(خشتەی ژمارە-2)

**1-1-7-5- خستنەڕووی داتاکانی خشتەی ژمارە(1، 2):**

دوای شیکردنەوە و دەستنیشانکردنی میکانزم و شێوازەکانی بەدەستهێنانی واتای بـابەتی لە کـۆی مانشـێتە سـەرەکییەکانی هەردوو ڕۆژنامەکەدا،لێرەدا هەوڵدەدەین لە خشتەی(3) داتاکانی شیکردنەوەکە بە وردی بخەینەڕو:

**ژمارە و ڕێژەی سەدی میکانزم و شێوازەکانی بەدەستهێنانی واتای بابەتی لە کۆی مانشێتە سەرەکییەکانی هەردوو ڕۆژنامەکەدا:**

| **یەکەم:تیشکۆ:** | | **ڕۆژنامەی خەبات** | | **ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ** | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| 1-دیارخەر | ئاوەڵناو | ٢٨ | %25 | ٣٧ | %25 |
| | ژمارە | 8 | %7,1 | ١٢ | %8,1 |
| | جێناوی خۆیی | 5 | %4,4 | 1 | %0,6 |
| | مۆرفیمی نەناسراوی | 1 | %0,8 | 8 | %5,4 |
| | ڕادە | 4 | %3,5 | 2 | %1,3 |
| | هەر | 1 | %0,8 | 1 | %0,6 |
| | ئامرازی نیشانە | 1 | %0,8 | - | - |
| 2-ئامراز | گەیەنەر(ئەگەر،با) | 4 | %3,4 | 2 | %1,3 |
| | نەرێکردن | 12 | %7,١٠ | 2 | %1,3 |
| | داخوازی | 7 | %6,2 | 1 | %0,6 |
| | پرسیارکردن | - | - | 3 | %2 |
| | گومان | - | - | 2 | %1,3 |
| | لێکدەر(یان،بەڵام) | 2 | %1,7 | 2 | %1,3 |
| 3-مۆرفیمی(ش) | | - | - | 3 | %2 |
| 4-پارتیکڵی(هەمیشە،لەبارەی) | | 1 | %0,8 | 1 | %0,6 |
| 5-وشەکانی سوێندخواردن | | - | - | - | - |
| 6-پێشگر | | 2 | %1,7 | 1 | %0,6 |
| 7-پاتکردنەوە | | - | - | - | - |
| کۆی ژمارە و ڕێژەی حاڵەتەکانی میکانزمی یەکەم | | ٧٦ | %67,8 | 78 | %52,7 |
| **دووەم:ڕیزکردنی کەرستەکان لەڕستەدا:** | | | | | |
| 1-بەلوتکەکردن | ئاوەڵکار | 9 | %8 | 6 | %4 |
| | ناوی کردار | 2 | %1,7 | 9 | %6 |
| | تەواوکەری بەیاریدە | 2 | %1,7 | 2 | %1,3 |
| 2-کرتاندنی واتایی | | 1 | %0,8 | 15 | %10,1 |
| 3-بکەر نادیاری | | 5 | %4,4 | 9 | %6 |
| 4-سکرامبڵینگ | | - | - | - | - |
| 5-جێکەوتەی سەربار | | - | - | - | - |
| 6-پێکهاتەی شەقبو | | - | - | - | - |
| 7-لاڕستەی دیارخەری | | - | - | - | - |
| 8-جیاوازی | | - | - | - | - |
| کۆی ژمارە و ڕێژەی حاڵەتەکانی میکانزمی دووەم | | 19 | %16,9 | 41 | %27,7 |
| **سێیەم:پەیوەندییە واتاییەکان** | | | | | |
| 1-هاوواتایی | | - | - | - | - |
| 2-دژواتایی | | - | - | - | - |
| 3-فرەواتایی | | ١٧ | %15,1 | 29 | %19,5 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کۆی ژمارە و ڕێژەی حاڵەتەکانی میکانزمی سێیەم | 17 | %15,1 | 29 | % 19,5 |
| کۆی ژمارە و ڕێژەی حاڵەتەکانی هەر سێ میکانزمەکە | 112 | %100 | 148 | %100 |

(خشتەی ژمارە-3)

**6-7-1-1- ئەنجامی توێژینەوەکە:**

ئەو ئەنجامانەی لە توێژینەوەکەدا بەدەست هاتون بریتین لە:

1-واتای بابەتی وەکو بەشێک لە واتای سیمانتیکی سەیردەکرێت،بەو پێیەی ئەویش لەسەر بنەمای واتای فەرهەنگی وشەکان و چۆنیەتی ڕیزبوونیان لە ڕستەدا بنیاتدەنرێ ،هەروەها واتای بابەتی واتایەکی جێگرەوەیە و زیاتر وابەستەیە بەو مەبەستە و بەو ڕێگایەی کە نێرەر پەیامەکەی پێ ڕێکدەخات.لە واتای بابەتیدا بابەتەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە،بەڵام ڕێکخستنی زانیاریەکان و مەبەست دەگۆڕێت.

2-لە واتای بابەتیدا نێرەر بەپێی مەبەست و لە چوارچێوەی ڕۆنانە ڕێزمانییە ڕێگا پێدراوەکاندا گۆڕانکاری لە ڕیزبوونی پێکهاتەی زانیاری لەپەیامدا دەکات،یاخود تیشکۆ دەخاتە سەر بەشێک لە کەرستەکانی.

3-مانشێت و واتای بابەتی هەردووکیان مەبەستدارن،بۆیە لە هەردووکیاندا نێرەر هەوڵدەدات مەبەستەکەی کە ڕاکێشانی سەرنجی وەرگرە بەدیبهێنێت،لە ڕێگای ئەم سێ میکانزمەی خوارەوە،کە هاوکات بە میکانزمەکانی بەدەستهێنانی واتای بابەتیش دادەنرێن لە مانشێتی سەرەکیدا :

ئ- تیشکۆ:تیشکۆ بریتییە لە جەختکردنەوە لەسەر بەشێک لە کەرستەکانی مانشێت لە ڕێگای وشە و پارتیکڵەکانی تیشکۆ،یان هێزی سەرەکی ڕستە بەمەبەستی نەهێشتنی گومانەکانی وەرگر، داتاکانی خشتەی( 3)ئەوە پیشاندەدەن،کە ڕێژەی بەدەستهێنانی واتای بابەتی لە مانشێتە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەی خەبات و کوردستانی نوێدا لە ڕێگای تیشکۆوە زۆر بەرزترە لە دوو میکانزمەکەی تر،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت،کە ئەو تیشکۆیەی خراوەتەسەر کەرستەکان لە جۆری تیشکۆی ئەرگۆمێنتی مەودا تەسکبووە و خراوەتەسەر یەکێک لە پێکهاتەکانی مانشێتەکان. لە نێو وشە و پارتیکڵەکانی تیشکۆشدا (دیارخەرەکانی ناو،ئامرازەکان)زۆرترین ڕۆڵیان بینیوە.ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم میکانزمە لە نێو کۆی گشتی حاڵەتەکانی بەدەستهێنانی واتای بابەتیدا،کە لە ڕۆژنامەی خەباتدا ژمارەیان (112)حاڵەتە،دەکاتە ڕێژەی(67,8%) و لە کوردستانی نوێشدا کە ژمارەیان(148)حاڵەتە، دەکاتە ڕێژەی(52,7%).بەپێی ئەم ئەنجامە ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم میکانزمە لە مانشێتەکانی ڕۆژنامەی خەباتدا بەرزترە بە بەراورد بە کوردستانی نوێ.

ب- ڕیزکردنی کەرستەکانی ڕستە:ئەم میکانزمە خۆی لە کۆمەڵێک تەکنیکی سینتاکسی دەبینێتەوە،کە نێرەر هەوڵدەدات لە ڕێگایانەوە گۆڕانکاری لە پێکهاتەی زانیاری لە ڕۆنانی سەرەوەی مانشێتدا ئەنجامبدەدات،بە مەبەستی گەیاندنی مەبەستی جیاواز.لەم ڕووەوە ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم میکانزمە لە نێو کۆی حاڵەتەکانی بەدەستهێنانی واتای بابەتیدا لە مانشێتەکانی ڕۆژنامەی خەباتدا دەکاتە(16,9%)و لە کوردستانی نوێشدا دەکاتە(27,7%)ە.واتە ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم میکانزمە لە مانشێتەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا زۆر بەرزترە بە بەراورد بە ڕۆژنامەی خەبات.

پ-پەیوەندییە واتاییەکان:دەکرێ لە ڕێگای ئەو پەیوەندییە واتاییەی کە لە نێوان یەکە فەرهەنگییەکانی زماندا هەیە،بەتایبەتیش پەیوەندی(هاوواتا،دژواتا،فرەواتا)واتای بابەتی بەدەستبێت،بۆیە دەبینین ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم میکانزمە لە کۆی گشتی حاڵەتەکانی واتای بابەتیدا لە مانشێتەکانی ڕۆژنامەی خەباتدا دەکاتە(15,1%) و لە کوردستانی نوێشدا دەکاتە(19,5%)ە،وەک لە خشتەی(3)دا دیارە هەموو ئەو حاڵەتانەش تەنها لە ڕێگای پەیوەندی فرەواتاییەوە بەدەستهاتون.

4- لە ناو وشە و پارتیکڵەکانی تیشکۆدا دیارخەرەکانی ناو،لە نێو دیارخەرەکانیشدا بە پلەی یەکەم ئاوەڵناو و بە پلەی دووەم ژمارە دێت،کە زۆرترین ڕۆڵیان بینیوە لە بەدەستهێنانی واتای بابەتی لە مانشێتی سەرەکی هەردوو ڕۆژنامەکەدا.بێگومان گرنگیدان بە بەکارهێنانی ئەو دوو کەرستەیەش بۆ نێرەر دەگەڕێتەوە،کە هەوڵیداوە لە ڕێگایانەوە کاریگەری زیاتر لەسەر وروژاندنی هەستی وەرگر دروست بکات.

5-هەرچەندە بەگشتی وا پێشبینی دەکرێ ،کە فرە ڕیزی کەرستەکان ڕۆڵی سەرەکی لە ڕۆنانی مانشێتدا ببینێت،کەچی بە پێچەوانەوە بەپێی داتاکانی خشتەی(3) لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا ڕێژەی بەدەستهێنانی واتای بابەتی لە ڕێگای ڕیزکردنی کەرستەکان بە شێوەیەکی نائاسایی نزمترە لە ڕێگای تیشکۆدارکردنی کەرستەکان،ئەو تەکنیکانەش کە لە ڕیزکردنی کەرستەکاندا زۆر گرنگیان پێدراوە،بریتین لە:

ئ-تەکنیکی بکەرنادیار لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا زۆرترین گرنگی پێدراوە،بەڵام لە ڕۆژنامەی خەباتدا تەکنیکی بەلوتکەکردنی ئاوەڵکار زۆرترین گرنگی پێدراوە،

ب-کرتاندنی واتایی:بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە لە مانشێتدا هەم بۆ مەبەستی کورتبڕی و هەم بۆ نەهێشتنی ڕۆڵی بکەر بەکاردێت. ئەم تەکنیکە لە ڕۆژنامەی خەباتدا تەنها لە یەک مانشێتدا پەیڕەو کراوە،کەچی لە کوردستانی نوێدا لە (15)مانشێتدا پەیڕەو کراوە، دیارە هۆکاری ئەم جیاوازیەش بۆ سیاسەت و شێوازی ڕۆژنامەکان لە داڕشتنی مانشێتی سەرەکیدا دەگەڕێتەوە،چونکە لەم ڕووەوە بەگشتی مانشێتەکانی کوردستانی نویێ زیاتر مەیلیان بەلای کورتبڕیدایە،بەپێچەوانەشەوە مانشێتەکانی ڕۆژنامەی خەبات مەیلیان بەلای درێژبڕیدایە.ئەوەی لەم جۆرە مانشێتانەدا جێگای سەرنجە،ئەوەیە کە جگە لە تشکۆدار کردنی هەموو زانیاریەکانی ناو مانشێتەکە بەهۆی کرتاندنەوە،هەندێجار کەرستەکانی مانشێتەکە بۆ جاری دووەم بەهۆی وشە و پارتیکڵەکانەوە تیشکۆیان خراوەتەوە سەر.

پ-تەکنیکی وتەی وەرگیراو:ئەم تەکنیکە لەهەردوو ڕۆژنامەکەدا گرنگی پێدراوە،چونکە ڕێگایەکە بۆ خۆ دورخستنەوەی پەیامنێر لە بەرپرسیارێتی.ئەو مانشێتانەی وتەی وەرگیراون لە فۆڕمی ڕستەی ئاڵۆزدان و دوو جار تیشکۆیان خراوەتەسەر،جارێکیان وەکو زانیاری نویێ مامەڵەی لەگەڵ کۆی وتە وەرگیراوەکان کراوە و لە لاڕستە شوێنکەوتوەکەدا ئاخنراوە.جارێکی تریش زانیارییە گرنگەکانی نێو ئەو وتانە لە ڕێگەی ڕیزبوونی کەرستەکان،یان وشە و پارتیکڵەکانەوە زەقکراونەتەوە و تیشکۆیان خراوەتەوە سەر.

ت-بەشێک لە تەکنیکە سینتاکسییەکانی وەک:(سکرامبڵینگ،پێکهاتەی شەقبو،جێکەوتەی سەربار،لاڕستەی دیارخەری،جیاوازی) و وشەکانی(سوێندخواردن،پاتکردنەوە)،پەیوەندی (هاوواتا،دژواتا)ڕۆڵیان لە بەدەستهێنانی واتای بابەتیدا نەبینیوە.

ج-ئەو مانشێتانەی وتەی وەرگیراون و ئەوانەشی دووچاری کرتاندنی واتایی بوونەتەوە هەردوو جۆری تیشکۆی مەودا تەسک و مەودا فراوانیان خراوەتەسەر.

6- هەر بەپێی داتاکانی خشتەی(3) لە ڕۆژنامەی خەباتدا(16)مانشێت،لە کوردستانی نوێشدا(17)مانشێت یەک میکانزمی بەدەستهێنانی واتای بابەتیان تێدا بەکارهاتوە،لە بەرامبەریشدا(35)مانشێت لە خەبات و (48)مانشێت لە کوردستانی نوێدا دوو میکانزم یان زیاتریان تێدا بەکارهاتووە.

7-هەندێجار یەک کەرستەی پێکهاتەی مانشێتەکان بە دوو شێوەی جیاواز لەلایەن وشە و پارتیکڵەکانەوە تیشکۆی خراوەتەسەر.

8-تەنها (9) مانشێت لە رۆژنامەی خەبات و(7)مانشێت لە کوردستانی نوێدا واتای بابەتیان تێدانییە،چونکە کەرستەکانیان بە شێوەیەکی ئاسایی ڕیزکراون و تیشکۆش نەخراوەتە سەر کەرستەکانیان،بەڵام دەکرێ لەڕێگای هێز و ئاوازەوە،واتە لە ڕوی فۆنۆلۆژییەوە بەپێی مەبەست تیشکۆ بخرێتە سەر پێکهاتەیەکی دیاریکراوی مانشێتەکان ئەویش لە قسەکردندا نەک لە نوسین.

**سەرچاوەکان:**

1-بەزمانی کوردی:


1- ئەمین، وریا عومەر.(2004)،*چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی* ،بەرگی یەکەم،چاپخانەی ئاراس،هەولێر.

2-بەگیخانی، ئاواز حەمە صدیق .(1996)،*ڕیزبوونی کەرستە لە زمانی کوردیدا* ،نامەی ماستەر-کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەڵاحەدین.

3-تۆفیق،قەیس کاکل.(2002)،پەیوەندییەکانی نێو دەق،نامەی دکتۆرا،کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەڵاحەدین.

4- حسەین، شیلان عومەر .(2012)،*پەیوەندی سینتاکس و سیمانتک لە ڕێزمانی کوردیدا* ،بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

5- دزەیی، عەبدولواحید موشیر .(2009 )،*کاریگەری دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا* ،چاپی یەکەم،هەولێر،دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس.

6- __________.(2015)،ڕێزمان و واتا،هەولێر.

7- __________ .(2013)،*ڕستەسازی ڕۆناکاری و گوێزانەوە*، چاپی یەکەم ،هەولێر.

8- __________.(2010)،*واتاسازی وشە و ڕستە*، چاپی یەکەم ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر.

9- ڕەسووڵ، عەبدوڵڵا حوسێن.(2015)،*چەند باسێکی وردی زمانەوانی- کوردی*،بەرگی یەکەم،چاپی یەکەم،چاپخانەی هێڤی،هەولێر

10-ژوبیان، سامی.(2009)،*دەروازەیەکی تیۆری و پراکتیکی بۆ ڕۆژنامەگەریی ڕۆژانە و ڕاگەیاندن*،وەرگێڕانی:هاوژین عومەر،چاپی یەکەم،چاپخانەی خانی(دهۆک).

11-عەبدوڵڵا، گۆنا عومەر.(2013)،*دروستەی زانیاری لە زمانی کوردیدا*،نامەی ماستەر-فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان-سکوڵی زمان-زانکۆی سلێمانی.

12-عەلی، تاڵیب حوسێن .(1998)،*هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا* ،نامەی دکتۆرا-فەلسەفە،کۆلێجی ئاداب،زانکۆی سەڵاحەدین.

13-__________.(2014)،*زانستی زمان و زمانی کوردی*،چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر.

14-__________.(2019)،واتاسازی،چاپی دووەم،چاپخانەی هێڤی-هەولێر.

15-عەلی،شێرزاد صبری،(2015)،*واتایا بابەتی دمانشێتێن ڕۆژنامەیاندا ڕۆژنامەیا(وار)وەک نموونە*،گۆڤارا زانکۆیا دهۆک- زانستێن مرۆڤایەتی و کۆمەڵناسی،بەربەندا(18)-ژمارا(1).

16--فەتاح، محەمەد مەعروف .(2010)،*لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان*، چاپی یەکەم ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر.

17-__________.(2013)،*چیرۆکە هەواڵ لەنێوان بۆتە و زماندا،گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە(25).*

18-___________. (2011)، *زمانەوانی* ،چاپی سێیەم،چاپخانەی حاجی هاشم-هەولێر.
19-فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵلا .(2008)،*رستە و پاش رستە تێروانینێکی ئەرکی*، چاپی یەکەم،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ،هەولێر.
20-___________.(2013)،*هەندێ لایەنی رستەسازی زمانی کوردی*،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر.
21-قادر، کاروان عومەر.(2008) ،*رستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا*، چاپی یەکەم ،مەڵبەندی کوردۆلۆجی- چاپخانەی تیشک ،سلێمانی.
22-- قادر، شێرکۆ حەمەئەمین .(2009)،*شیکارێکی گوتاریی چیرۆکە هەواڵ*،چاپخانەی رەنج-سلێمانی.
23-محەمەد، شلێر رەسووڵ.(2010) ،*شێوازی جەختکردن لە زمانی کوردیدا*،*گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی،ژمارە(15)*.
24-محەمەد،حاتەم ولیا .(2009)،*پەیوەندییە رۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان*، چاپی یەکەم ،هەولێر.
25-محمد، ژیان عبدالله.(2014) ،*واتای رستە و رۆڵی لە کردەی پەیوەندیکردندا*،نامەی ماستەر-کۆلێژی پەروەردە-زانکۆی سەڵاحەددین.
26 - موسا، عەبدولوەهاب خالید.(2009) ،*هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا*،بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی،کوردستان-هەولێر.
27-ویدسۆون، هـ..د.(2008)،*سەرەتایەک بۆ زمانەوانی*،وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە-د.هۆشەنگ فاروق،چاپی یەکەم،چاپخانەی خانی(دهۆک)
28-یونس، محمد محمد،(2010 ئـ)،*سەرەتایەک بۆ زانستەکانی واتاسازی و پراگماتیک*،وەرگێرانی نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو،چاپی یەکەم،چاپخانەی رۆژهەڵات/هەولێر.
29-___________. (2010 ب)،*دەروازەیەک بۆ زمانەوانی*،وەرگێرانی نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو،چاپی یەکەم،چاپخانەی رۆژهەڵات/هەولێر.

**2-بە زمانی عەرەبی:**

1-أحمد،عماد حسین . (2009) ،*اللغة الاعلامیة* . دنیا الوطن،(أونلاین). https://puipit.alwatanvoice.com/priut/182243.htm. یوم الزیارة( 2020/8/7 ).
2-- البكاء، محمد عبدالمطلب.(2005)،*لغة الاعلام بین الفصحة وعامیة*،*مجلة الباحث اللاعلامی*،مجلد 1،عدد(1).
3-الجمیلی، عطیم كامل و العاني، ثناء .(2012)، *صناعة الاخبار الصحفیة والتلفزیونیة*،ط 1،عمان:دار صفاء للنشر والتوزیع
4- الخولي، محمد علی .(2001)،*علم الدلالة*،دار الفلاح للنشر والتوزیع،عمان.
5-الخولي، محمد علی .(2000)،*مدخل الی علم اللغة*،دار الفلاح للنشر والتوزیع ، الاردن.
6-الزهراء، عبداللاوی فاطمة.(2016-2017)،ماجستیر فی اللغة العربیة والاعلام ،*دراسة كتاب:الكفاءة الاتصالیة فی صیاغة عناوین الاخبار"دلیل اسلوبی فی عنونة الخبر"* ،جامعة عبدالحمید ابن بادیس-مستغانم-كلیة الاداب والفنون-قسم اللغة العربیة وأدابها.
7-بلعابد، عبداحق .(2008 )،*عتبات (جیرار جینیت من النص الی المناص)*، ط 1،الدار العربیه للعلوم والنشر،لبنان.
8-جواد، عبدالستار .(2001 )،*فن كتابة الاخبار*،الطبعة الثانیة،عمان:دار مجدلاوی للنشر والتوزیع.
9-خلیل،محمود، هبة، محمد منصور,(2002 ) ،*انتاج اللغة الاعلامیة فی نصوص الاعلامی*،مركز جامعة القاهرة للتعلیم المفتوح.
10- دردونة، مدحت ربیع.(2017)،*بناء الجملة فی لغة عناوین الاخبار فی الصحف العربیة*،*مجلة جامعة الاقصى(سلسلة العلوم الانسانیة)*المجلد الحادی والعشرون،العدد الاول، ISSN 2518-5810.
11-عمر، احمد موختار .( 1998)،*علم الدلالة*،الطبعة الخامسة.
12-لوشن،نورالهدی.(2006)،*علم الدلالة(دراسة وتطبیق)*،المكتب الجامعی الحدیث،الازاریطة-الاسكندریه.
13-مؤمن،احمد.(2015)،*اللسانیات النشأة و التطور*، الطبعة الخامسة ،دیوان المطبوعات الجامعیة،.
14-- نصرالله، عمر عبدالرحیم.(2001)،*مبادئ الاتصال التربوي الانساني*،الطبعة الاولی،دار الوائل للنشر،عمان.

**3- بە زمانی ئینگلیزی:**

1-Abdulla, Q A. Salih, Y M.( 2012).*Linguistic Features of Newspaper Headline*,*Journal of Al-Anbar University for Language and Literature*, 2012, Volume , Issue 7, Pages 192-215.
2-Dor,D.(2003)*On Newspaper Headlines as Relevance Optimizers*.*Journal of Pragmatics.* 35 (2003) 695–721.
3-Fattah,M.M.(1997)*A generative grammar of Kurdish*,University of Amsterdam.
4--Halliday,M,A.(1985)*An Introduction to Functional Grammer* .London:Edward Arnold.
5-____.(1967)*Notes on transitivity and theme in English*.Part 3.*Journal of Linguistics*.Vol.4,No.2,pp:179-215.
6-_____. Hasan,R.(1964)*Cohesion in English*,LongmanLondon.
7-Hedberg,N.(1993)*On the Subject-Predict Structure of Pseudoclefts*.In book: Principles and Prediction: The Analysis of Natural Linguistics: Papers in Honor of Jerry Sanders (pp.119-134)Publisher: John Benjamins Editors: Mushira Eid and Gregory Iverson. DOI:10.1075/cilt.98.12hed .
8-_____.(1990)*Discourse Pragmatics and Cleft sentences in English*.PhD Dissertation .University of Minnesota.
9-Jennifer, E.Elsi, K.Jason, M. Lucy K.(2015)*Information structure*: Linguistic,cognitive,and processing Approches.Wiley Interdiscip Rev Cogn Sci. *Author manuscript*; available in 4(4):PP 403– 413.doi:10.1002 /wcs. 1234.
10-Jwad,H.F.(2007),*Themantic Meaning in English*,An puplished,Doctoral Dissertation,Koya University.
11- Lambrecht, K. (1994)*Information Structure and Sentence form* .Cambridge University Pres.Online ISBN:9780511620607 .
12-Leech,G.(1974)*Semantics*,Harmonds worth:Penguim .
13-Mardh,I.(1980)*Headlinese:on the Grammer of English Front Page Headlines*.Gotab.ISBN 9140047539.
14-Manferd,K.(2008)*Bsic notions of Information structure.Acta Linguistica Hungrica*,Vol.55(3-4)pp:243- 276.
15-Quirk,R.Greenbanm,S.Leech,G.and Svartvilk,J.(1985).*A comprehensive Grammar of the English Language*.First Published.Longman-London and New York.

16-Rijkhoff,J.( 2015) *Word Order*. In James D. Wright (editor-in1chief), *International Encyclopedia of the Social & Behavioral Sciences*, 2nd edition, Vol. 25, 644–656. Oxford: Elsevier.
17-Swan,M.(2005)*Practicel English Usage*.(3 ed).Oxford Univeresity Press.
18-Van Dijk,T.(1988) *News as Discourse*.New Jersy;Lawrence Erlbauin Associates.
19-Wikipedia.(2021) *Word order*.Online;https://en.wikipedia.org/wiki/word_order (date visit 10-7-2021).
20- Yule,G.(2010) *The Study of Language*. Fourth edition. Cambridge University Press.

**المعاني الدلالية للعناوين الرئيسة في الجرائد**
**جريدتا (خبات وكوردستان الجديد) أنموذجاً**

**طالب حسين علي**
قسم اللغة الكوردية ــ كلية التربية ــ جامعة صلاح الدين

**فؤاد صالح رشيد**
مديرية التربية العامة أربيل ــ وزارة التربية

**ملخص**

خصص هذا البحث لدراسة المعاني الدلالية للعناوين الرئيسة لجريدتي (خبات وكوردستان الجديد)، والغاية الأساسية منه هو تأويل وتفسير المعاني الدلالية للعناوين الرئيسة بوصفها وحدة لغوية مستقلة بعيداً عن السياق. على اعتبار أن طبيعة المعاني الدلالية وتأويلاتها في هذا الموضوع يتخذ من تحليل المعاني المباشرة لأستخدام لغة الصحافة ميداناً لها، لذا بداية تم تسليط الضوء على المصطلحات والمفاهيم ووضيفة العنوان، وخصائص لغة الصحافة، والعلاقة بين المعنى والإعلام، المعاني الدلالية للعناوين، ومن ثَم الحديث عن المعنى الموضوعي بوصفه نوعاً من المعاني الدلالية و كيفية توزيع المحتوى المعلوماتي للمعنى الموضوعي وطرق ترتيب الأدوات اللغوية فيها، ثم عرض الآليات والصيغ التي تكون سبباً لإنتاج المعنى الموضوعي في اللغة وكيفية تبلورها في العناوين، وفي الختام ثم عرض نتائج البحث في عدة نقاط .

**الكلمات الهامة:** العنوان، الدلالة، المعنى الموضوعي، التوكيد، ترتيب المفردات.

**Semantic Meaning in Mastheads:**
***(Xebat* and *Kurdistani Nwe* )Newspapers as Samples**

**Talib Hussein Ali**
Department of Kurdish Language College of Education / Salahaddin University-Erbil

**Fuad Salih Rasheed**
Erbil Public Education- Ministry of Education

**Abstract**

This paper is an attempt to study the semantic meaning of the mastheads of *Xebat* as well as *Kurdistani Nwe* newspapers. The objective of the study is to analyze the semantic meaning of the mastheads as a free linguistic unit out of context. Since the nature and interpretation of semantic meaning is manifested in the analysis of the direct meaning of language in media, firstly the light is shed on the concept and the function of masthead, the relation between meaning and media, and the semantics of masthead. Secondly, the thematic meaning, as a type of meaning, is explained. Thirdly, the arrangement of information structure in the thematic meaning, and the order of the linguistic elements are also explicated. Fourthly, the mechanisms, and patterns through which the thematic meanings are obtained in language, as well as the methods via which the thematic meanings are reflected in mastheads, are shown. Finally, the study ends with a number of concluding remarks.

**Keywords**: Masthead, Semantics, Thematic Meaning, Focus, Order of elements.